


کتێبخانەی (PDF)

کتێبی نوێیەم
2021

# سەرکێشیەکانی شێرلۆک هۆلمز

نووسەر
ئارسەر کۆنان دۆیڵ

وەرگێران
مەدینە ئەحمەد

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ



# سەرکێشییەکانـــــــی
# شێرلـــــــۆک هۆلمـــــــــــز

**نوسینی:**

**ئارثەر کۆنان دوێـــــڵ.**

**وەرگێڕانی:**

**مەدیـــــــنە احمـــــد.**

## ناســـــنامـــــــه

**(( هـــــيچ شـــــتێك له ڕاســــــتييەكی ڕوون؛ هەڵخەڵێنەرترین نییــه)).**

**- شێرلۆك هۆڵمز-**

# لیستی کەسایەتییەکان

**شێرلۆك هۆڵمز: لێکۆڵەری تایبەت، و بەناوبانگترین پشکنەری تایبەت لە ئینگلتەرا.**

**واطسۆن: دکتۆر وهاوڕێ وهاوکاری شێرلۆك، وگێڕەوەی چیرۆکەکان.**

**ماری سزردلاند: خانمێکی گەنجە ودەزگیرانی بەڕێز هۆسمەر ئەینجڵە، خاوەن دۆسێکەشە.**

**بەڕێز ویندیبانك: مێردی دایکی خاتوو ماری.**

**بەڕێز هۆسمەر ئەینجڵ: دەزگیرانی خاتوو ماری.**

هەر یەکێکمان لایەکی ئاگردانەکەمان گرتبوو، "شێرلۆك" وتی: هاوڕێکەم ژیان زۆر لەوخەیاڵە ناموٚترە کەئەقڵی مرۆڤ بییەوێت پێی بگات، تەنانەت ئەگەر بتوانین لەو پەنجەرە بفڕین وبچینە سەر سەقفی هەر ماڵێك ولێیان بڕوانین زنجیرەیەك ڕوودا و ڕێکەوتی سەرنج ڕاکێش دەبینین کە زۆر جیاوازو نامۆیە....... ئەگەر ئەوە بۆچونی ڕۆمەکان دروست بکەین زۆر بێزارکەر و کۆتاییەکی ساویلکانەی دەبێت.

وەڵامم دایەوە ووتم: قایل نیم بەوقسانە، ئەو دۆسییانەی لەڕۆژنامەکان دەردەکەون ئەوەندەی بەس بێت زۆر سادە وڕوونن، هەروەها ڕاستییەکانیش لەڕاپۆرتەکانی پۆلیس لەترۆپکدایە.

- بۆئەوەی کاریگەرییەك لەدەروونی خوێنەر دروست بکەیت پێویستە توانای سڕینەوە وهەڵبژاردن جێەجێ بکەیت، هەر ئەوەشە پۆلیس دەیکات لەڕاپۆرتەکانی تێبینیەکانی لەسەر لایەنە لاوەکییەکان کورت دەکاتەوە وڕووداوە سەرەکییەکان فەرامۆش دەکات لەکاتێدا ئەوڕووداوانە گرنگییان وەك خشڵ وایە. دووبارەی دەکەمەوە لەڕاستی ژیانی خەڵکی سەیرتر ونامۆتر نابینیتەوە.

پێکەنیم وسەرم ڕاوەشاند وتم: بەتەواوی ئەتوانم لەوشێوە بیرکردنەوەیەت تێبگەم، وەکو ڕاوێژکارێکی ناڕەسمی ویارمەتیدەرێکی ئەوکەسانەی کێشەیان هەیە لەسێ کیشوەر، وایلێکردووی نارازیی بیت بەرامبەر بەهەموو ئەو شتانەی سەیر ونامۆن. بەڵام سەیری ئێرە بکە.

ڕۆژنــــامەی بەیانیــــانم لەســــەر زەویــــیەکە هەڵگــــرت وبەردەوام بــــووم وتــــم: باتــــاقیکردنەوەیەك بکەیــــن. ئەم ناونیشــــانە یەکەم شــــت بــــوو کەچــــاوم چــــووە ســــەری ببیــــنە: (( تونــــدو تیــــژی پیاوێــــك بەرامــــبەر خێــــزانەکەی))، لەژێــــرەوە نــــاوەڕۆکەکەی نوســــراوە بەشــــێوەیەکی ئاســــۆیی، بەڵام پێویســــت بەخوێنــــدنەوە ناکــــات وڕوونــــە بــــامن بیڵــــێم بــــۆچی، دڵنیــــام ژنێك لەمەســــەلەکەدا هەیە ولەگەڵ خــــــــواردنەوە وتونــــــــدوتیژی...... تەنــــــــانەت کتێبێکی باشیش چیرۆکێکی لەوەناخۆشتر دروست ناکات.

هۆڵمز وتی: ئەونموونەیەی هێناوتەوە گونجاو نییە.


دواتــــر ڕۆژنــــامەکەی بــــردوو چــــاوێکی پیاخشــــاند و وتــــی: بۆنمــــوونە ئەمە دۆســــییەی جیــــابونەوەی هەردوو هاوســــەر "دنداســــە"، پیــــاوەکە بە هــــیچ جۆرێــــك نــــاخواتەوە، ئــــافرەتێکی دیــــکەش بــــوونی نیــــیە، دۆســــییەی جیــــابونەوەکەش لەســــەر ڕەفتــــاری خــــراپ بــــووە؛ مێــــردەکە ڕاهــــاتووە دوای هەر ژەمێکــــی خــــواردن تــــاقمی ددانەکەی دەرهێنــــاوە وفــــڕەی داوەتە ژنەکەی! ئەوەش ڕەفتــــــــارێکە نەبەمێشــــــــکی نوســــــــەرێك نەبەمێشــــکی دادوەرێکــــی ئاســــاییدا نــــایەت. دانــــێ پێــــدا دەنــــێم - دکتۆر- تۆم بەزاند.

دواتــــــــر ڕۆژنــــــــامەی بۆهێنــــــــام و بەدەم ســــــــەیرکردنی ئەوئەنگوســــتیلە نــــاوازەییەی کەلەپەنجەیــــدا دەدرەوشــــاییەوە وتم: ئەی ئەوئەنگوستیلە چی؟

- دیــــارییە لەخێزانێکــــی شــــاهانەی هۆڵنــــدا، بەشــــێوەیەکی بەرچــــاو یــــارمەتیم دان لەچارەســــەرکردنی دۆســــییەکدا و بەجۆرێــــك نهێنیــــیە کەنــــاتوانم هــــیچ وشــــەیەکی لەســــەر بڵــــێم، لەگەڵ ئەوەی تۆدۆســــییە بچوکەکــــان تۆمار دەکەی.

بەبــــایەخەوە لـــێم پرســـی: لەئێســـــتادا کـــار لەســـــەر هـــیچ دۆسیەیەك دەکەی؟

- لەســـــــەر دە دۆســــــیەکاردەکەم، بەڵام هیچیـــــــان ســـــەرنجڕاکێش نـــین. گـــرنگن بەڵام هـــیچ ســـــەرنج ڕاکـــــێش نـــــین، لەڕاســـــــتیدا بـــــۆم دەرکەوت ئەودۆســـــییانەی گـــــرنگن زۆربەی جـــــار مەودایەك دەبەخشـــــــن بـــــۆتێبینی وشــــــیکردنەوەی خێـــــرا وبەیەکەوە بەســـــــتنی هۆکارەکـــــان بەئەنجامەکـــــان، هەرئەو تایبەتمەندییەشـــــــــە کەبەپێـــــــزی دەدات بە دۆســـــییەکە، ئەوەشـــم بـــۆدەرکەوت ئەو دۆســـیانەی



کەزۆر بەمەزنـــی وگەورە لێـــی دەڕوانرێـــت بۆســـادەیی مـــل دەکێشـــن، بەجۆرێـــك هەتـــا زیـــاتر گرنـــگ بێـــت

زیـــاتر ڕوون ئەبێـــتەوە.... خەریـــکە ئەبێـــتە یاســاییەکی گشــتی، دۆســێیەك کەبە ئــاڵۆزی دانــرا دۆســـییەی (( مارســـیلیا گەیانـــدمی)) هەرچەن گەڕام هیچ شتێکی ئاڵۆزێکی تێدا نەبوو.

بۆسـاتێك بێـدەنگ بـوو دواتـر وتـی: بەڵام لەمـاوەی چەنـد خولەکێکــدا دۆســیەیەکی ســەرڕنج ڕاکێشــم بەدەســت کەوت هەڵەنەبم یەکێك لەبریکارەکانم هات بۆلام.

" هـــۆڵمز" هەســـتا ولەناوەڕاســـتی پەردە کـــراوەکە ڕوولەشـــەقامەکانی لەنـــدەن وەســـتا، کاتێـــك لەســـەر شــانەکانییەوە لەشــەقامەکەم دەڕوانــی بەرامــبەر شــەقامەکەی ئـــێمە خـــانمێکی فەروو لەبەر بەدەوری ملیـــدا بینـــیم لەگەڵ پەڕێکــی درێــژی ســوور بەکــڵاوەکەیەوە کەبەرەو گوێیەکــانی درێژببـــوونەوە کە لە دوك " دیفونشـــایەر" دەچێـــت! لەژێـــر کـــڵاوەکەوە خـــانمەکە بەڕووخســـارێکی پەشـــۆکاوییەوە لەپەنجەرەکــانی ئــێمەی دەڕوانــی، هەنگــاوێکی نــا بەرەو لای ئـێمە بێـت بەڵام قـاچەکەێ دیـکەی بەگـوێی نەدەکـرد و هێشـتا لەســـەر شۆســـتەکە بـــوو بە نیگەرانـــی وپەشـــۆکاوییەکی زۆرەوە یـــاری بە قـــۆپچەی دەسکێشـــەکانی دەکـــرد ودواتـــر لەناکـــاو وەکـــو بـــا بەڕێ کەوت بەتونـــدییەك وەکـــو ئەومەولەوانەی چـۆن خـۆی فـڕێ دەداتە نـاو ئـاو، بەخێرایـی لەشەقامەکە پەڕییەوە؛ لەزەنگ درا.

هـۆڵمز وتـی: پێشـتر ئەم ڕێگـرییەم بینیـوە لەکـاتی هاتنـدا، کـــاردانەوەی لەلای شۆســـتەکە ئامـــاژە بۆبـــوێرییەکی زۆر دەکــا؛ هـــاتووە داوای ئامۆژگـــاری بکـــات بەڵام دڵنیـــا نیـــیە لەوەی ئـــاخۆ کـــارێکی دروســـت دەکـــات بە خســـتنە ڕووی دۆسێکەی بۆکەسانی دیکە.

هەتــــاوەکو ئێــــرە ئەتــــوانین شــــیکردنەوە بــــۆدۆخەکە بکەیــــن، کاتێــک پیاوێــک ئــازاری ئافرەتێــک دەدات کــاردانەوە دروســت نابێـــت بەڵکـــو بەردەوام لەزەنگـــۆڵەکە دەدات، ئێســـتا ئەتــــوانین لەوەبگەیــــن بــــابەتەکە پەیوەنــــدی بەخۆشەویســـتییەوە هەیە خـــاتوونەکە ئەوەنـــدەی خەمبـــارە ئەوەنــدە تــوڕە نیــیە...... ئەوەتــا هــات بــاخۆی گومانەکانمــان لابات.

لەدەرگـــاکە دراو خزمەتکـــارێکی بچـــووك ڕێنـــوێنی خـــاتوو " مـــاری ســـزرلاند" بکـــات، دواتـــر لەپشـــت خـــانمە بچـــووکەکە خـــانمێکی ئەســـمەری بەشـــان دەرکەوت وەکـــو وەســـتانی کەشتییەکی بازرگانی بوو لەپشت بەلەمێکی بچوك!

" شــێرلۆك هــۆڵمز" بەڕێــزەوە بەخێرهــاتنی خــانمەکەی کــرد، دواتـــر دەرگـــاکەی داخســـت وبانگهێشـــتی کـــرد تالەســـەر کورســـییە باڵـــدارەکە دانیشـــێت؛ دواتـــر بەشـــێوازەکەی خـــۆی بەوردی ودرشتی لێی دەڕوانی.

وتـــی: وای نـــابینیم چـــاوکزییەکەت ئەســـتەنگیت بۆدروســـت بکات لەکاتی نوسینت لەسەر چاپی بچوك؟

وتـــی: لەســـەرەتادا وابـــووم بەڵام ئێســـتا بەبـــێ ســـەیرکردن شوێنی پیتەکان دەزانم و...................

کاتێـــك زانـــی چ پرســـیارێکی لێکـــردووە قســـەکەی بـــڕی و نیشـــانەی سەرســـامی وتـــرس لەســـەر ڕووخســـاری دەرکەوت، دواتــر وتــی: ئەبــێ تۆلەبــارەی مــنەوە شــتت بیســتبێت بەڕێــز" هۆڵمز" ! ئەگینا چۆن ئەو هەمووە دەزانی؟

هۆڵمز بەپێکەنینەوە وتی: گرنکی پێمەدە، ئەوەکاری خۆمە کەبزانم. لەوەیە خۆم ڕاهێنابێت بەبینی ئەوشتانەی ئەوان دیکە لێی بێ ئاگان، ئەگەر وانەبومایە نەئەهاتی ڕاوێژم پێبکەیت،



- گەورەم هاتم بۆلای تۆ لەبەرئەوەی ناوبانگتم بیستووە، لەخاتوو " ئایسریج" ەوە، یارمەتیت دا لەدۆزینەوەی مێردەکەی دوائەوەی پۆلیس پێی وتبوو مردووە، سەرەڕای ئەوەی زۆر دەوڵەمەند

نیم داهاتی ساڵانەم سەد جونیەیە وهیچی تر لەگەڵ بڕێکی کەم پارە کەلەچاپی بچوك بەدەستی دەهێنم، وەئامادەم لەپێناو دۆزینەوەی بەڕێز " هۆسمەر ئەینجڵ" دا بیبەخشم.

هۆڵمز پەنجەکانی پێکەوە کۆکردەوە وئاڵاندی وسەری بەرزکردەوە بۆسەقفەکە ووتی: بۆچی بەم پەلە پەلە هاتووی ڕاوێژم پێبکەیت؟

جارێکی دیکە ترس لەسەر ڕووخساری دەرکەوتەوە ووتی: بەناچاری لەماڵ هاتووم توڕەبووم کاتێك بەڕێز" ویندیبانك"، باوکم، بەسادەیی لەبابەتەکەی دەڕوانی، ڕەتی کردەوە بڕوات بۆلای پۆلیس وبوئێرەش، لەکۆتایدا ڕەتی کردەوە هیچ بکات بەردەوام دەیوت هیچ ڕوویندەداوە، شێت بووم وڕاستەوخۆ هاتم بۆلای تۆ.

- باوکت مێردی دایکتە بێگومان، نازناوەکانتان جیاوازە.
- بەڵێ مێردی دایکمە، بەڵام بەباوکە بانگی دەکەم لەگەڵئەوەی تەنها پێنج ساڵ وچەند مانگێك لەمن گەورەترە.
- دایکت لەژیاندایە؟
- بەڵێ، زیندووە وتەندروستی زۆر باشە، بەڕێز "هۆڵمز"، کاتێك هاوسەرگیری کردەوە هیچ دڵخۆشنەبووم، بەکاتێکی کەم دوای مردنی باوکم دووبارە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکا کرد پانزە ساڵ لەخۆی منالترە.

باوکم لەگواستنەوەی بۆڕی گازو ئاو لەڕێگای تۆتنهام کۆرت کاری دەکرد، بەڵام کاتێك بەڕێز

"ویندیبانك" پەیدا بوو وایلێکرد دوکانەکەی بفرۆشێت؛ پێی وابوو کەمترە لەئاستی ئەو لەبەرئەوەی لەبازاڕدا کاردەکات، لەبەرامبەر پرۆژە وناوبانگی دوکانەکە چوار هەزارو حەوت سەد جونیەیان بەدەست هێنا، ئەگەر باوکم لەژیاندا بوایە هەرگیز بەوپڕە کەمە ڕازی نەدەبوو.

ئەمتوانی بێزاری "هۆڵمز" بەبۆنەی ئەوچیرۆکە درێژەوە کەپەیوەندی بەدۆسییەکەوە نییە ببینم، بەڵام زۆر بەچڕی گوێی بۆهەڵخست بوو، لێی پرسی ووتی: داهاتە تایبەتە بچوکەکەت لەو پڕۆژەوە دێت؟

- نا، نا گەورەم، بەتەواوی جیایە، مامەم "نید" لەئۆکلاند لەبۆرسەیەکی بەرهەم هێنانی نیوزلەندا ڕێژەی پێنج لەسەدی بۆبەجێ هێشتووم کەدەکاتە دووهەزار وسەدجونیە.
- زۆر سەرسامم دەکەی، لەگەڵ ئەوەی تۆ سەدجونیە داهاتی ساڵانەتە کەئەوەش بڕە پارەیەکی گەورەیە، لەگەڵ ئەوداهاتەی مامت ئەبێ کەم گەشت بکەی و خانمێکی وەك تۆ دەتوانێت بە شەست جونیە بەباشترین شێوە بژێت.
- بەڵکو ئەتوانم لەوەکەمتریش بژیم، بەڵام حەزناکەم ببم بەبار بەسەریانەوە لەبەرئەوەی لەماڵەکەیاند دەژیم، بۆیە ئێستا ئەوان سوود لەداهاتی من وەردەگرن، بێگومان بەشێوەیەکی کاتی. بەڕێز" ویندیبانك" هەموو سێ مانگ جارێك سوودەکەی ڕادەکێشێت و دەیدات بەدایکم، لەوداهاتەی لەنوسین دەستم دەکەوێت دەتوانم بەباشی خۆمی

پــێ بەڕێ بـــکەم کەبـــۆهەر پەڕەیەك دوو بـــنس وەردەگرم و ئەتوانم لەڕۆژێکا بیست پەڕە بکەم.

هـۆڵمز وتـی بەتەواوی هەمـوو شـتێکت ڕوون کـردەوە. ئەمە دکتـۆر "واطسـۆن" ی هـاوڕێمە شـەرم مەکە چـۆن لەبەردەم مـن بەئـازادی دوایـت ئـاواش لەبەردەم ئەو وابە تکـایە گەورەیـی بنـوێنە هەرشـتێك پەیوەنـدی بەبڕێـز " هۆسـمەر ئەینجڵ" ەوە هەیە پێمان بڵێ.

ڕووخسـاری لەشـەرمدا سـوور بـوو و بەنیگەرانیـیەوە سـوچی چـاکەتەکەی گرتبـوو وبەپەنچەکانیشـی یـاری پێـدەکرد. دواتـر وتـی: لەئـاهەنگی کرێکـارانی گـاز چـاوم پێـی کەوت، ڕاهـاتبوون کاتێـك بـاوکم زینـدوو بـوو کارتیـان بۆدەنـارد، تەنـانەت کـاتێکیش بـاوکم مـرد ئێمەیـان لەبیـر بـوو وکارتیـان بۆدەنـاردین، بەڵام بەڕێـز " وینـدیبانك" پێـی خۆشـنەبوو بـڕۆین، بەڵکـو بـۆهیچ شـوێنێك پێـی خۆشـنییە تەنـانەت ئەوئـاهەنگە دینیـانەش کەڕێکـدەخرا! بەڵام ئەمجـارە سـوور بـووم لەسـەری وڕۆشتیشـم، بەچ مافێـك ڕێگـرییم لێـدەکا؟ دەیـووت ئەوان لەئـێمە ناوەشـێنەوە( سـەڕەڕای ئەوەی ئەوان هـاوڕێی کـۆنی بـاوکم بـوون)، وتیشـی کەوا مـن هـیچ جلـێکم نیـیە کەبۆئـاهەنگەکە شـیاوبێت ( لەگەڵ ئەوەی عەزییەکـی قەدیـفەی بنەوشـەییم هەیە وایـدابنێ هەر لەبەرم نەکردووە).

لەکۆتاییـدا هـیچ بیـانوییەکی نەدۆزیـیەوە تـاوەکو ڕێگـرییم لێبکـات! دواتـر بۆکـاری کۆمپانیـا ڕۆشـت بۆفەرەنسـا، مـن ودایکـم لەگەڵ بەڕێـز " هـاردی" کەپێشـتر گەورەی کارەکانمـان بـوو ڕۆشـتین، لەوێ بەڕێـز " هۆسـمەر ئەینجـڵ" م بینی.

- دیـــاره کاتێـــك بەڕێـــز " وینـــدیبانك" گەڕاوەتەوە توڕەبووە؟
- بەشـــێوەیەکی بـــاش مـــامەڵەی لەگەڵ کـــرد، وەکـــو ئەوەی بیـــرم بێـــت پێکەنـــی وشـــانەکانی هەڵتەکانـــد وتـــی: کاتێـك ئـافرەت دەیەوێـت شـتێك بەدەسـت بێنێـت کەس ناتوانێـت ڕێگـری لێبکـات، هەمـوو ڕێگـایەك دەدۆزێتەوە بۆجێبەجێکردنی.
- بەم شـــێوەیە پیـــاوێکی بەڕێـــزت بەنـــاوی بەڕێـــز " هۆسمەر ئەینجڵ" ناسی؟
- بەڵـــێ، گەورەم، ئەوشـــەوە بینـــیم وڕۆژی دواتـــر پەیوەنـــدی پێـــوە کـــردین تـــاوەکو دڵنیـــابێتەوە ئـــاخۆ بەســـەلامەتی گەشـــتوینەتە مـــاڵەوە، دواتـــر چاومـــان بەیەکـــدی کەوت یـــان باشـــتر بڵـــێم مـــن چـــاوم پێـــی کەوت دووجـــار لەگەڵـــی ڕۆشـــتم بۆپیاســـەکردن، بەڵام بـــــــاوکم لەگەشـــــــــتەکەی گەڕایەوە وبەڕێـــــــــز "هۆسمەرئەینجڵ" چیتر نەیتوانی بێت بۆماڵەوە.
- بۆچی؟
- بـــاوکم حەزی لەوشـــتانە نـــیە، ئەگەر بەدەســـتی ئەوبـــوایە نەیدەهێشـــت کەس ســـەردانمان بکـــات، ڕاهـــاتبوو بەدایکمـــی دەوت ئـــافرەت ئەبـــێ لەنـــاو خێزانەکەیـــدا دڵخـــۆش بێـــت منـــیش بەبەردەوامـــی دەمـــوت ئـــافرەت ئەبـــێ ســـەرەتا خێزانێکـــی تـــایبەت بەخۆی هەبێ ومن نیمە.
- ئەی بەڕێز "هۆسمەر" چی هەوڵی نەدا بتبینێت؟
- بـــاوکم جـــارێکی دیـــکە دوای هەفـــتەیەك دەگەڕایەوە بۆپـــاریس، " هۆســـمەر" نـــامەی بۆنوســـیم هەتـــا ئەو نەڕوات نەیەکـــدی ببینـــین نە نـــامەش بۆیەکـــدی

بنێــرین. ڕاهــاتبوو هەمــوو ڕۆژێــك نــامە بنوســێت، بەیانیان نامەکەم دەبرد تاوەکو باوکم پێی نەزانێت.

- ئەوکات دەزگیرانی بەڕێز " هۆسمەر" بویت؟
- بەڵـــێ ، گەورەم، دوایێ یەکەم پیاســـەمان بـــووین بەدەزگیـــران؛ " هۆســـمەر" ، مەبەســـتم بەڕێـــز " ئەیـنجڵە"، بانـدەر[1] بـوو لەنوسـینگەیەك لەشـەقامی لیدنهۆڵ...........
- چ نوسینگەیەك؟
- ئەوە خراپی بابەتەکەیە گەورەم، نازانم ؟
- ئەی لەکوێ نیشتەجێیە؟
- لەنزیك شوێنی کارەکەی.
- بەڵام ناونیشانەکەی نازانی.
- هیچ نازانم بێجگە لەوەی لەشەقامی لیدنهۆڵە.
- ئەی نامەکانت بۆکوێ دەنارد؟
- دەمنـــارد بۆپۆســـتە خـــانەی شـــەقامی لیـــدنهۆڵ بۆپاراســـتنی هەتـــا داوای دەکـــرا، دەیـــوت ئەگەر بینێـــرم بۆشـــوێنی کـــارەکەی هاوکارەکـــانی گـــاڵتەی پێـــدەکەن بەوەی نـــامەی لەخانمـــانەوە بۆدێـــت، پێشـــنیارم کـــرد چـــۆن ئەو بەچـــاپی بچـــوك نـــامە دەنوســـێت منـــیش بەهەمـــان شـــێوە بەوشـــێوەیە دەنووســـم، ڕازی نەبـــوو دەیـــوت کاتێـــك بە خەتـــی دەینوســـم زیـــاتر هەســـت بەباشـــبوون دەکـــات لەچـــاو ئەوەی بەچـــاپی بچـــوك بینوســـم چـــونکە واهەســـتەکا چـــاپەکە دەکەوێـــتە نێوانمـــانەوە! ئەوەش دەریەخـــات کەچەنـــدی خۆشویســـتووم بەڕێـــز " هـــۆڵمز"، لەگەڵ ئەوشتە سادانەێ هەیبوو.

[1] المحاسب.

- بەڵگەیەکی گەورەیە، لەوڕاستییانەی لەمێژەوە بڕوام پێیەتی شتە بچوکەکان زۆر گرنگن. ئەتوانی هیچ شتێکی ترمان لەسەر ئەوشتە بچوکانە پێ بڵێیت؟

- پیاوێکی زۆر شەرمن بوو بەڕێز " هۆڵمز"، زیاتر حەزی دەکرد لەئێوارانەدا بمبینێت وەك لەڕووناکیدا وەکو ئەوەی پێی وتبووم حەزی لەوەنییە بەرچاوی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەبەزیی بوو وحەزیشی لەتەنیای بوو، تەنانەت دەنگیشی وابوو، پێی وتم بەمنداڵی توشی نەخۆشی ئینتیهاباتی خنکان بووەلەغودەی دەرەکی وقوڕگی لاواز کردووە بۆیە قسەکانی بەشێوەی کورت و چپەن. ڕێك پۆشە، جلەکانی سادەن، بەڵام هەروەك من چاوی کزە وچاویلکەی ڕەنگدار لەچاوەکات بۆپاراستنی لەڕووناکی.

- بەڕێز " ویندیبانك" چیکرد کاتێك لەپاریس گەڕایەوە؟

- پێش گەڕانەوەی باوکم بەڕێز " هۆسمەر" هات بۆماڵەوە وجارێکی دیکە پێشنیازی هاوسەرگیری بۆکردم، ئەوەندە بەجددییەوە دەدوا وایلێکردم سوێندی بەوەفابوونی بۆبخۆم، دایکم وتی مافی خۆیەتی کەسوێندی بۆبخۆم چونکە کەسێکی باشە، دایکم لەمن زیاتر سەرسامی ببوو. دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین هاوسەرگیرییەکە هەفتەیەکی تربێت، کاتێك لەبارەی باوکمەوە پرسیم وتیان گرنگی پێیمەدە دوای هاوسەرگیری ڕاستەوخۆ پێی دەڵێین، دایکم وتی کەوا -خۆی

قـــايلی دەكـــات. قســـەكەيم بەدڵ نەبـــوو بەڕێـــز" هـــۆڵمز"، كـــارێكی ساويلكانەشـــە ڕووخســـەت لەكەســـێك وەربگـــرم كەتەنهـــا چەنـــد ســـاڵێك لەمـــن گەورەتـــرە بەڵام حەزم بەكـــاری ژێـــراو ژێـــر نەبـــوو، هەســـتام نـــامەيەكم بۆنوســـی ونـــاردم بۆنوســـينگەی كۆمپانيـــا لەبـــۆردۆ ی فەرەنســـا، بەڵام لەڕۆژی هاوسەرگيرييەكە نامەكەم بۆگەڕايەوە.

- كەواتە پێی نەگەشتووە؟
- بەڵـــێ گەرووەم، چـــونكە پـــێش ئەوەی نـــامەكەی پێبگات گەشتەكەی بۆئينگلتەرا دەستی پێكردبوو.
- بەختێكـــی خـــراپە. كەواتە هاوســـەرگيرييەكە لەكڵێســـا دەكرا ڕۆژی هەينی؟
- بەڵـــــــــێ گەورەم، بەڵام بەبێـــــــــدەنگييەكی تەواو. لەكڵێســـای ســـێنت ســـافيورز نزيـــك كيـــنگس كـــرۆز دەكـــرا، دواتـــر لەهـــۆتێلی بـــانكرس نانمـــان دەخـــوارد، " هۆســـــەر" بەگاليســـــەكەيەك هـــات كەجـــێگەی دووكەســـــی تێـــدا دەبـــووە وە، لەبەرئەوەی ئـــێمە دووكەس بـــــووين گاليســـــەكەكەی بۆبەجێهێشـــــتين وخـــۆی بەگاليســـەكەيەی چوارتـــايە هـــات كەتەنهـــا ئەوەی لێبوو لەشەقامەكە.

يەكەم جـــار ئـــێمە گەشـــتينە كڵێســـا، كاتێـــك گاليســـەكە گەشـــت چـــاوەڕێی ئەوەبـــووين لێـــی وەدەركەوێـــت بەڵام ڕوويـــنەدا كەســـی لێنەبـــوو، كاتێـــك شـــۆفێرەكە لەســـەر كورســـييەكەی دابەزی و ديـــمەنەكەی بينـــی بـــڕوای نەدەكـــرد وتـــی نـــاتوانێ بڕوابەچاوەكـــانی بكـــات كەڕوويـــداوە بەچاوەكـــانی خـــۆی بينـــوێتی ڕۆشـــتۆتە ناوگاليسكەكە.

هەینـــــی ڕابـــــردوو ڕوویـــــدا گەورەم، لەوکـــــاتەوە نەهیچم بینیوە نەهیچیشم بیستوە ئاماژەی پێبکات.

هــۆڵمز وتـــی: وابـــۆم دەرەکەوێـــت بەشـــێوەیەکی ناشـــرین مامەڵەی کردبێت.

- نـــا، گەورەم؛ بەجۆرێـــك بـــاش وبەڕێـــز بـــوو لێـــی ناوەشێتەوە بەوشێوەیە بەجێم بهێڵێت.



بەدرێژایـــی بەیـــانییەکە بەردەوام دەیـــوت کەئەبـــێ دڵســـۆز وبەوەفـــا بـــم بـــۆی هەرچیـــیەك ڕووبـــدات وئەوەشـــم لەبیربێـــت بەڵێنێـــك لەنێوانمانـــدا هەیە کەپێکەوەمـــان دەبەســـتێتەوە تەنـــانەت ئەگەر شـــتێکی چـــاوەڕوان نەکـــراویش لەیەکمـــان جیابکـــاتەوە،

وەدڵنیـــام زووبێـــت یـــان درەنـــگ دەگەڕێـــتەوە وداوام لێدەکا دڵسۆزی بەڵێنەکەم بم.

- بـۆچی شـتێك لەیەکـدیتان جیابکـاتەوە؟ پێشـتر تێبینـی هـــیچ شـــتێکت کردبـــوو لێـــی پاســـاو بێـــت بۆئەوقسەیەی؟

بەئومێـدێکەوە وتـی: سـەیر بـوو بەوبەیـانییە وابڵێـت، بەڵام ئەوەی دواتر ڕوویدا ڕوونکردنەوە بووبۆی.

هـۆڵمز وتـی: بەدڵنیـاییەوە، کەواتە پێـت وایە شـتێکی بەسـەر هاتبێت؟

- بەڵـــێ گەورەم، پـــێم وابێـــت توشـــی مەترســـییەك بوبێـت، ئەگینـا بـۆچی بەوشـێوەیە قسـەبکات. وابـزانم ئەوەی پێشبینی کردبوو ڕوویدا.
- هیچت بەخەیاڵدا دێت چیبێت؟
- هیچ.
- یەك پرسـیاری تـر، دایکـت چـۆن بـابەتەکەی قبـوڵ کرد؟ چۆنبوو بەلایەوە؟
- تـوڕە بـوو وتـی نـابێ جـارێکی دیـکە لەبـارەیەوە بدوێم.
- ئەی باوکت چی، مەبەستم بەڕێز " ویندیبانك" ە؟
- بەڵـێ هـاوڕابوو لەگەڵـم کەشـتێك بەسـەر بەڕێـز " هۆســـمەر" داهـــاتووە وخـــۆی جـــارێکی دیـــکە پەیوەنـــدی دەکـــاتەوە، بەجـــێ هێشـــتنم لەبەردەم دەرگـــای کڵێســـا ئەبـــێ چ ســـودێکی هەبێـــت؟ ئەگەر پـــارەی لـــێ قەرز کردبمـــایە یـــان هاوســـەرگیریمان بکـــــردایە وداوای قەرزی بکـــــردایە ئەوکـــــات قســـەیەیکی تیـــابوو، بەڵام " هۆســـمەر" لەڕووی

دارایـــیەوە جێگیـــر بـــوو هەرگیـــز باســـی پـــارەی نەکردبـوو لام، کەواتە چـی ڕوویـداوە؟ بـۆچی نـامەی بۆنەنوسـیم؟ ئەەە، هەر بیرکـردنەوە لێـی شـێتمەکات بەدرێژایی شەو چاوەکانم لەیەك نانێم.

دواتـــر دەســـتە ســـڕێکێ دەرهێنـــا وڕووخســـاری پێداپۆشـــی ودەسـتی بەگریـانێکی قـوڵ کـرد، " هـۆڵمز" هەسـتاو وتـی " لەبەرتۆچاوێـك لەدۆسـییەکە دەکەم، دڵنیـام دەگەیـنە ئەنجـام. بـــۆمنی بەجێبهـــێڵە وخـــۆت بەبیرکـــردنەوە ســـەرقاڵ مەکە لەمەودا، هەوڵـــبە بەڕێـــز" هۆســـمەر" لەیـــادت ون بێـــت وەك چۆن لەژیانتدا ون بوو.

- کەواتە وابێت جارێکی دیکە نایبینمەوە؟
- واهەستەکەم.
- ئەی چی بەسەر هاتووە؟
- وەڵامـی ئەم پرسـیارە بـۆمن بەجـێ بهـێڵە، وەسـفێکی وردم دەوێـــت لەگەڵ ئەونـــامەنەی کەدەتـــوانی پێمـــانی بدەی
- یەکشـمەی ڕابـردوو لەیەکێـك لەڕۆژنامەکـان هەواڵـی ونبـونیم بـڵاو کـردەوە، ئەوەش دەقەکەیەتـی، لەگەڵ چوارنامە.
- سوپاس. ناونیشانەکە؟
- خـــانوی ژمـــارە ســـی ویەك شـــەقامی لیـــۆن لـــیس، کامبروێڵ.
- ئەزانـــم تۆشـــوێنی " هۆســـمەر" نـــازانی، بـــنکەی کاری باوکت لەکوێیە؟
- کـاری مەنـدوبی فرۆشـتن دەکـات بۆکۆمپانیـای وێسـت هاوس ومارباڕك لەشەقامی فینشیرش.

- سوپاس. تەواو بەڕوونی دۆسییەکەت خستەڕوو، کاغەزەکان لێرە دابنێ و ئەوئامۆژگارییانەی ئەمڕۆ پێمدای لەبیری نەکەی؛ هەموو ئەوانەی ڕوویدا لەبیری بکە وڕێگە مەدە ڕووداوێکی وەها کار لەژیانت بکات.
- تۆزۆر باشی بەڕێز" هۆڵمز"، بەڵام ناتوانم وابکەم؛ دڵسۆزی " هۆسمەر" ئەبم کاتێک دەگەڕێتەوە لەچاوەڕوانیدا دەمبینێتەوە.



- دواتـر جانتـا پـڕ كـاغەزەكەی لەسـەر مێـزەكە دانـا وبەڕێگـای خـۆی ڕۆشـت بەڵێنـی گەڕانەوەی دا ئەگەر بانگی بكەین.

*　　　*　　　*

سـەرەڕای كـڵاوە سـاویلكەكەی وڕووخسـارە گەمـژانەكەی خـاڵێكی ڕێـزدرانە ودڵسـۆزی لەمیوانەكەمانـدا هەبـوو وایلێكـردین ڕێـزی لێبگـرین. " شـێرلۆك" بۆچەنـد خولەكێـك بەبێـدەنگی دانیشـت وقاچەكـانی لەسـەریەك نـا وپەنجەكـانی بەیەكەوە كـۆكردەوە، دواتـر سـەری بۆسـەقفەكە هەڵبـڕی، لەدۆلابەكەدا سـەبیلەكەی لەگڵـی جـان ( گڵـی گلوكـۆر وديـزە) دەرهێنـا وەكـو ڕاوێژكـارێكی خـۆی دەیبینـی، كاتێـك سـەبیلەكەی داگیرسـاند لەسـەر كورسـییەكەی بـۆدواوە كشـایەوە وتەمەڵییەكـی ئێجگـار زۆر بەڕووخسـارییەوە بەدی دەكرا، دوكەڵ وەكو منارە لەسەبیلەكەیەوە دەردەچوو.

دواتـر وتـی: بـابەتی ئەو كـچە زۆر سـەرنج ڕاكێشـە. زۆر لام بەپێزترە لەچاو پێشتر كەبەچاوێكی سادە لێم دەڕوانی.....

بەوبـۆنەییەوە دۆسـیەیەكی دەسـت بـڕییە بەوەدەزانـی؟، ئەتـوانی دۆسـییەی تـری هاوشـێوەی دۆسـییەكەی ئەم بـدۆزیتەوە؛ ئەگەر گەڕابیـت بەدوای دۆسـیەكانی ترمـدا هاوشـێوەی ئەم دۆسـیە دەدۆزیـتەوە لە ئانـدوفەر سـاڵی ١٨٧٧، لەگەڵ ئەوەی پلانێكـی كـۆنە بەڵام یەك دووخـاڵی

تـــازەی تیـــایە بەلامەوە..... خـــودی کـــچەکە بـــۆبیرکردنەوە سەرنج ڕاکێشە.

وتم: دیارە تۆشتی زۆرت تیابینیوە من نەمبینیوە.

- بـــابەتەکە ئەوەنیـــیە تۆنەتبینیـــوە "واطســـۆن"، بەڵکـــو تێبینـــت نەکـــردووە! نەتزانـــی ســـەیری کـــوێ دەکـــات، بەم جـــۆرە ئەوەی گرنـــگ بێـــت لەدەســـتت چـــووە نـــاتوانم واتلێـــبکەم درك بەگرنگـــی قۆڵەکـــانی بـــکەی یـــان ئەوبەڵـــگەیەی لەنینـــۆکی پەنـــجەی دۆزیـــمەوە، یـــان گرنگـــی بـــابەتەکە کەلەســـەر چـــۆنیەتی بەســـتنی پەتـــی پێڵاوەکـــانی وەســـتاوە..... ئێســـتا، تۆچیـــت لەشێوەی ئەوئافرەتە بۆدەرکەوت؟ وەسفی بکە.
- باشـــە، کڵاوێکـــی لێـــوار پـــانی لەپـــوش دروســـتکراوی شـــینی لەســـەرە لەگەڵ پەڕێکـــی ســـوور وچـــاکەتێکی ڕەشـــی چنـــراو بەخەتـــی قـــاوەیی ولاکانیشـــی بەڕەش، بەلایەنـــــی جلەکانیشـــــییەوە قـــــاوەیی بـــــوو لەگەڵ گـــوڵێکی لەئاوریشـــمی ڕەنـــگ بنەوشـــەیی ڕازێنـــراو لەملـــــی قۆڵەکانیـــــدا، دەسکێشەکانیشـــــی ڕەساســـــی بـــوون لەپەنـــچەی دۆشـــاومژەی ڕاســـتی کـــونی تیـــابوو، بەڵام تێبینـــــی پێڵاوەکـــانیم نەکردبـــوو، بەڵام جوتێـــك گوارەی ئاڵتونی بچوکی لەگوێ بوو.

" شـێرلۆك" بەنزمـی چەپـڵەی لێـدەدا وپێـدەکەنی، دواتـر وتـی: ســـوێندەخۆم بەشـــێوەیەکی زۆر بـــاش بەرەو پێشـــەوە چـــووی "واطســـــۆن"، بەڕاســـــتی وەســـــفێکی زۆر جوانـــــت کـــــرد. ســـــەرەڕای ئەوەی تـــۆبێ ئاگابوویـــت لەخـــاڵە گرنگەگـــانی ، پشـــــتت بەو شـــــێوازە بەســـــت کە مـــــن پەیـــــرەوەی دەکەم ، تـــــۆزووتر ڕەنگەکـــــان دەگریـــــت بەڵام هـــــاوڕێکەم هەرگیـــــز

متمانه بەشێوەی گشتی مەکە، بەڵکو لەسەر وردەکارییەکان وورد بەرەوە؛ یەکەم شت کەسەیری دەکەم ئانیشکی ئافرەتە، لەپیاوانیشدا ئەژنۆی پانتۆڵەکانیانە. وەکو ئەوەشی لەم ئافرەتەدا تێبینیم کردبێت لەئانیشکیدا پارچەیەك قوماشی قەدیفەی پێوەیە، زۆر بەسوودە بۆدەرکەوتنی ئاسەوار.

بەڕوونی لەسەرەوەی مەچەکی خەتێکی بچوك دەرکەوت، ئەوەش ئەوشوێنەیە کەلەسەر چاپە بچوکەکە دایناوەو نوسەرەکان پشتی پێدەبەستن لەکاتی نوسین ولەسەر مێزەکەی دادەنێن، سەرەڕای ئەوەش بەرگدووریش هەمان نیشانە دادەنێت بەڵام لەدەستی چەپدا ولەلاییەکی دوورتر لەپەنچەکان وجیاواز لەم. دواتر سەیری ڕووخساریم کرد شوێنی چاولیکەی لوتی دەرکەوت بوو، سەرکێشییم بەتێبینیەکەم کردوو پرسیاری چاو کزی وچاپە بچوکەکەم لێکرد؛ بەمشێوەیە بۆم دەرکەوت خەریکی چییە وئەویش سەرسام بوو بەپرسیارەکەم.

- منیش.
- بەڵام زۆر ڕوون بوو. دواتر ئەبڵەق بووم کاتێك سەیری پێڵاوەکانم کرد بینیم تاکە وتاکە! لەگەڵ ئەوەی زۆرجیاوازییان نەبوو بەڵام تاکێکیان لەپێشەوە پارچەیەك قوماشی قایشی نەخشێنراوی پێوەبوو؛ بەڵام ئەوەکەی دیکەیان نەخشی پێوە نەبوو، هەروەها تاکێکیشیان لەپێنج قۆپچە دوانیان نەخشێنرابوون بەڵام ئەوی دیکەیان یەکەم و سێیەم وپێنجەمی نەخشێنراوبوون! ئافرەتێك بەپێڵاوێکی تاکە وتاك دەرچووبێت بێگومان مانای ئەوەیە بەپەلە بووە وکارێکی گرنگیشە.

وەکــو هەمیشـــە هـــاوڕێکەم بەتێبینەکـــانی سەرســـامی کـــردم، لێم پرسی: چی تریش؟

- دواتـــر تێبینـــی ئەوەشـــم کـــرد ڕاســـتەوخۆ دوای لەبەرکردنـــی جلەکـــانی نـــامەیەکی نووســـیووە، تـۆتێبینی ئەوەت کـرد لەپەنـجەی دۆشـاومژە کـونێکی تێبـــووە بەڵام ڕوونە تـــۆتێبینی ئەومـــــرەکەبەت نەکردبـــوو کە بەلێـــواری دەسکێشـــوو پەنجەکـــانی بـــــووە، بەپەلە نوســـــیوێتی هەرلەبەر ئەوەش قەڵەمەکە بەقـــــوڵی بەمـــــرەکەبەردا ڕۆچـــــووە، ئەمبەیـــانیەش بـــووە ئەگەر پێشـــتر بـــوایە بەپەنجەییەوە نەدەمایەوە.

قســـەکانی بـــڕی و دواتـــر وتـــی: لەگەڵ ســـادەیەکەیدا بەکەیفیشـــە، بەڵام ئەبـــێ بگەڕێـــمەوە ســـەر کـــار " واطسۆن"،.....

وەســـفی بەڕێـــز " هۆســـەر ئەینجـــڵ" م لەبڵاوکـــراوەکە بۆبخوێنەوە تکایە.

پـارچە کـاغەزە چـاپکراوەکەی لەڕوونـاکییەکە نزیـك کـردەوە دەقەکەی بەمشێوەیە بوو:

بەیـانییەکی چـواردەی ئەم مـانگە پیـاوێکی بەڕێـز بەنـاوی " هۆســـەر ئەینجـــڵ" ونبـــووە بـــاڵای ١٧٠ ســـم دەبـــێ، جەســـتەیەکی بەهێـــزی هەیە لەگەڵ پێســـتێکی زەرد وقژێکـــی ڕەش کەمێـك کەچەڵ لەناوەڕاسـتدا، ڕیـش وسـمێڵی ڕەشـێکی چـڕە، چـاویلکەی ڕەنگـداری لەچـاوە و کەمێـك بەشـێوەیەکی نــزم دەدوێـت. کۆتاجـار بەچـاتێکی ڕەنــگ ڕەش کەپێشــەوەی ئاوریشـــمە لەگەڵ پـــانتۆڵێکی ڕەساســـی لەخـــوری زبـــر وهێلەکێکـــی ڕەش وزنجیرەیەکـــی ئـــاڵتونی پێـــوەیە بینـــراوە،

نـــاوبراو لەنوســـینگەیەك لەشـــەقامی لیـــدنهۆڵ کارەکـــات. هەندێك.........

هۆڵمز وتی: ئەوەندە بەسە.

دواتــر بەردەوام بــوو ســەیری نامەکــانی دەکــرد: نامەکــان زۆر ســادەن هــیچ شــتێکی تێــدا نیــیە ئامــاژە بەبەڕێــز " ئەینجــڵ" بکـــات، بەڵام خـــاڵێکی گرنـــی تیـــایە بەبـــێ شـــك ســـەرنجت ڕادەکێشێ.

وتم: لەسەر چاپی بچوك نوسراوە.

- تەنهـا ئەوەنـا، بەڵکـو ئیمـزاکەش چـاپکراوە! سـەیری ئەوچـــاپە کەشـــخەیە بـــکە بەنـــاوی " هۆســـمەر ئەینجـــــڵ" لەخـــــوارەوە. بەرواری لەســـــەرە بەڵام بــێجگە لەشــەقامی لیــدنهۆڵ هیچــی تــری تێــدانییە، تـــــاڕادەیەك ناونیشـــــانێکی شـــــاراوەیە. ئیمـــــزاکە بەڵگەیەکـــی گەورەیە، بەڵکـــو لەڕاســـتیدا ئەتـــوانین بڵێین یەکلاکەرەوەیە.
- ئاماژە بەچییەکات؟
- ئەکــرێ ئەوپەوەنــدییە گەورەیەی لەنێــوان ئیمــزاکەو دۆسییەکەدا هەیە نەیبینی هاورێ ئازیزەکەم؟
- نــاتوانم بڵــێم تــێگەم، بــێجگە لەوەی مەبەســتی بوبێــت ئینکــاری لەئیمــزاکە بکــات ئەگەر هــاتوو بەڵێــنەکەی شکاند.
- نـــا، ئەوخـــاڵە گـــرنگەکە نیـــیە، دوو نـــامە ئەنوســـم کەکۆتـــایی بەدۆســـییەکە دەهێنـــێ، یەکێکیـــان بـــۆ ئەو کۆمپانیـــایەی لەشـــارە یەکێکیتریـــان بـــۆزڕ بـــاوکی کـــچەکەیە بەڕێـــز " وینـــدیبانك"، لێیەپرســـم ئـــاخۆ ئەتــوانێ ســبەی ئێــوارە کــاتژمێر شــەش ســەردانمان

بكـــات، باشـــەبێت لەگەڵ خزمـــانی مـــامەڵە بكەيـــن. ئێسـتا دكتـۆر، هەتـا وەڵامـی ئەم دوانەمـان پێنەگـات نـــاتوانين هـــيچ بكەيـــن، باڵەئێســـتايا دۆســـييە بچوكەكەمان بخەينە سەر ڕەفەكە.

متمـــانەيەكی گەورەم بە شـــيكردنەوە لـــۆژيكی وچـــالاكييە نائاســـاييەكانی هەبـــوو، هەر لەبەر ئەوەش هەســـتم كـــرد هۆكـارێكی بەهێـزی هەبێـت بـۆئەو هەڵسـوكەوتە ئـارامە پـڕ لەمتمـــانەی دەينوانـــد بەرامـــبەر دۆســـييەكی واگەورە كەداوايلێكرابوو چارەسەری بكات.

بەدەم كێشـانی سـەبيلە ڕەشـە بەنـرخەكەيەوە بەجـێم هێشـت دڵنيـابووم لەوەی سـبەی كاتێـك دەگەڕێـمەوە بـۆلای هەمـوو بەڵگەيەكـی سـەبارەت بەزاواكەی خـاتوو " مـاری سـزرلاند" دەسكەتووە.

كـارێكی پزيشـكی زۆر مەترسـيدارلەوكاتەدا سـەرقاڵی كـردم بەجۆرێـك تەواوی ڕۆژی دواتـر لەپەنـای جـێگەی يەكێـك لەنەخۆشـەكان بـووم، كاتێـك كـارم تەواوبـوو نزيكـی كـاتژمێر شـــەش بـــوو ولەكۆتايـــدا تـــوانيم خـــۆم هەڵـــبەمە نـــاو گاليســـــكەيەكی بچـــوك وبـــڕۆم بۆشـــەقامی بەيـــكەر هيواخوازبـــووم دوانەكەوتبێـــتم لەيارمەتيـــدانی هـــاوڕێكەم لەبەشی كۆتايی دۆسييەكەدا.

" شـــێرلۆك" م لەخەودا گـــرت وجەســـتەلاوازە درێژەكەشـــی لەســـەر كورســـييە ئاســـوودەكە درێـــژ ببـــووە وە، لەو ژمـــارە شوشـــە ولـــولانە وبـــۆنی ترشـــی هايـــدرۆكلۆريك زانـــيم تەواوی ڕۆژەكەی لەكـــارە كيميايەكانـــدا بەســـــەر بـــــردووە كەزۆری حەزلێيە.

كاتێك وەژوور كەوتم پرسيم: باشە گەشتيتە هيچ؟

- بەڵی، دووەم کبریتاتی باربۆم بوو.
هاوارم کردوو وتم: نا، مەبەستم مەتەڵەکەیە.
- اەەەە، ئەوە وامزانــی مەبەســتت ئەو خــوێیە کەکــارم لەســەری کــرد، هــیچ شــاراوەییەك لەدۆســییەکەدا نیــیە



دوێنــێ شــەویش پــێم وتــی تەنهــا هەنــدێك وردەکــاری ســـەرنج ڕاکـــێش نەبێـــت، پێشـــم وابێـــت ئەوەی ئەم کارەی کردووە ناچێتە ژێر یاساوە.
- کەواتە کــێ بــوو؟ مەبەســتی لەجێهێشــتنی خــاتوو " ماری" چیبووە؟

پرسیارەکە لەدەمم دەرنەچوو و" هۆڵمز" دەمی نەکردەوە هەنگاوی قورسمان لەڕاڕەوەکە بیست دواتریش تەقەی دەرگا. " هۆڵمز " وتی: ئەوە زرباوکی کچەکەیە، بەڕێز " ویندیبانك"، ئاگاداری کردمەوە کاتژمێر شەش لێرەبێت.

دواتر وتی: فەرموو وەرە ژوورەوە.

پیاوێکی جەستە بەهێزی باڵا مام ناوەند کەتەمەنی سییەکانی هەبوو وەژوورکەوت، بێ ڕیشی ڕەنگ زەردبوو، دووچاوی ڕەنگ ڕەساسی تیژی هەبوو. بەشلی چاوێکی لەهەردووکمان کرد، دواتر کڵاوە درەوشاوەکەی لەکورسییەکەی تەنیشت نا، دوای چەمینەوەیەکی سادە بەلەسەرخۆی لەسەر نزیکترین کورسی دانیشت.

هۆڵمز وتی: ئێوارەت باش بەڕێز "ویندیبانك"، پێم وابێت ئەم نامە چاپکراوەی چاپی بچوکە لەتۆوەیە، کاتت لەکاتژمێر شەش لەگەڵ من دیاری کردووە؟

- بەڵێ گەورەم. وابزانم کەمێك دواکەوتم، بەڵام کاتی کارەکەم بوو وەکو ئەوەی دەیزانی. داوای لێبووردن دەکەم خاتوو "سزرلاند" بۆدۆسییەکی واسادە بێزاری کردی، بەڕای من ئەم کاە تایبەتییانە نابێت بڵاوبکرێتەوە بۆڕای گشتی.

بەتوندی ڕێگرییم لێکرد لەهاتنی کچێکی زۆر بەکاردانەوەیە ( لەوەشە تێبینیتان کردبێت)، کاتێك دەیەوێت شتێك بکات کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە، لەبەرئەوەی لەگەڵ پۆلیسی ڕەسمی کارناکەی بۆیە زۆر لەسەری نەڕۆشتم لەگەڵی، بەڵام دروستکردنی ئاژاوەیەك بەهۆی بابەتێکی خێزانی کارێکی دڵخۆشکەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا

تێچــوویەکی بــۆ ســوودی زیاددەکــات، چــۆن دەتــوانی ئەم " هۆسمەر ئەینجڵ" ناوە بدۆزیتەوە؟

هــۆڵمز بەئــارامی وتــی: بەپــێچەوانەوە، هۆکــاری بەهێــزم هەیە وام لێدەکا هەسـت بـکەم کەئەتـوانم بەڕێـز " هۆسـمەر" ئاشکرابکەم.

بەڕێــز " وینــدیبانك" دەسکێشــەکانی هەڵــدایە ســەر مێــزەکەو وتی: خۆشحاڵم بەبیستنی.

- کــارێکی ســەر ســوڕهێنەرە چــاپ تایبەتمەنــدییەکی هەیە واکــات دەســتو خەتەکــان لەیەك جیــابکرێتەوە نــاکرێ نوســینی دوو چــاپ لەیەك بــکەن مەگەر ئەوەی کەتــازە بن،هەنــدێك پیــت هەن لەلایەکەوە تەواون. ئێســتاش بەڕێــز " وینــدیبانك" لەم نامەیەتـدا کەبۆمنـت نـارد ئەتـوانی تێبینـی ئەوەبـکەی کەلەهەر پیتێکـی (( س)) پەڵەیەکـی بچـوکی پێـوەیە، هەروەهـا کەمـی لەکلکـی پیتـی (( ڕ)) شـدا هەیە.... لەگەڵ چــواردە هەڵەی ئــیملای دیــکە، ئەوانە زۆر ڕوونەکانن.

میوانەکەمــان بەچــاوە تیــژە درەوشــاوەکانییەوە ســەیری هــۆڵمزی دەکــرد، وتــی: ئــێمە ئەم چــاپە لەهەمــوو کارەکــانی نوســینگەکەمان بەکــاری دێنــین، بــۆیە ئاســاییە هەر پیتێــك کێشەی کەمی هەبێت.

هـۆڵمز بەردەوام بـوو وتـی: ئێسـتا بەڕێـز " وینـدیبانك" بـۆت ڕوون دەکەمەوە، بیــــرلەوەکەمەوە ڕۆژێــــك لەڕۆژان پەیوەنــدی نیــوان چــاپ وتــاوان لەتوێژینەوەیەکــدا بنوســم، بـابەتێکە هەنـدێك گرنگـی خـۆمم لەسـەر دانـاوە. لێرەدا چـوار نــامەم لایە کەوادادەنرێــت لەبەڕێــز " هۆســمەر" ەوە بێــت

بـــۆکچی ژنەکەت، هەمـــووی چـــاپکراوە، تێبینیەکـــان لەســـەر پەڵەی پیتـــــی " س" و کەمـــــی لەکلکـــــی " ڕ" کـــــورت نـــاکەینەوە، بەڵکـــو ئەگەر زەڕەبیـــنەکەی مـــن بەکـــار بهێنـــی نەك ئەودوو خـــاڵە چـــواردە خـــاڵەکەی تـــریش دەبینـــی هەروەك پێشتر پێم وتی.

بەڕێـــز " ویـنـــدیبانك" کـــڵاوەکەی هەڵگـــرت وهەســـتا، وتـــی: بەڕێـــز هـــۆڵمز نـــاتوانم کـــات بەم قســـە خەیاڵیـــانەوە بەســـەربەم. ئەگەر دەتـــوانی پیـــاوەکە بگـــری بیگـــرە، هەرکەت واتکـــرد بەمنیش بڵێ.

- بەدڵینابیەوە.

دواتـــر بەرەو دەرگـــاکە ڕۆشـــت وکلـــیلەکەی لەنـــاو قـــوفڵەکەدا لەســـەر خـــۆ ســـووڕاند وبەردەوام بـــوو وتـــی: کەواتە پێـــت دەڵێم بەڕێز " هۆسمەر ئەینجڵ" م دەستگیر کرد.

ڕەنگـــی بەڕێـــز " ویـنـــدیبانك" بەتەواوی زەرد هەڵـــگەڕا وەکـــو مشـــکی نـــاو قەفەس بەدەوری خۆیـــدا دەســـوڕایەوە، دواتـــر وتی: چی؟! لەکوێ.......؟

هـــۆڵمز بەنەرمـــی وتـــی: ئەوەســـوودی نابێـــت. بەدڵنیـــاییەوە هـــیچ ســـوودێکی نابێـــت؛ هـــیچ ڕێگەیەکـــی قوتـــار بوونـــت نیـــیە بەڕێـــز " ویـنـــدیابنك". بـــابەتەکە زۆر ڕوونە، کـــارێکی باشـــنییە بەدۆسییەکی واسادە بڵێم ناتوانم چارەسەری بکەم.

دانیشە، دانیشە وباقسەی لەسەر بکەین.

میوانەکەمـــان تەواو تـــۆقی بـــوو دڵـــۆپی ئـــارەق بەگۆناکـــانییەوە بـــوو بڵـــمە بڵمێکـــی کـــردوو وتـــی: نابێـــت کـــارەکە بگـــاتە ڕادەی سکاڵاکردن.

- واهەســـــتەکەم وابێـــت، بەڵام " وینیـــدبانك" ئەمە یەکێکـــــیە لەو فــــێڵە قێـــزەون وترســـــنۆکانە وخۆپەرستانەی تائێستا بینیبێتم.



ئێســتا بەکــورتی پێــت دەڵــێم چیبــووە، ئەبــێ ڕاســتم بکەیتەوە ئەگەر هەڵەم کرد.

لەسەر کورسییەکە کەوت ووەکو کەسێکی ماڵوێران سەری هەتا لای سنگی شۆڕکردەوە، هۆڵمز قاچی بەرەو گەرمەکەرەوە درێژ کردەوە بەدەم دەست لەگیرفان نانی وردە وردەدەهاتە دواوە، لەڕاستیدا وادەردەکەوت لەگەڵ خۆیا دەدوێت.

وتی: پیاوێك لەبەر پارە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی بەتەمەنتر لەخۆی دەکات، هەروەها پارەی کچی ژنەکەشی بەکاردەهێنا هەتا لەگەڵیان دەژیا. بڕە پارەیەکی زۆر بوو بەلایەنی دووهاوسەرەوە لەوبارودۆخە لەدەستدانی زۆر کاری لێدەکردن، بۆیە شایەنی ئەوەبوو هەوڵێك بدرێت بۆپاراستنی پارەکەیان.

کچەکە تەنها باشنەبوو بەڵکو بەبەزەیش بوو، دیاربوو کەسێکی واقەشەنگ وجوان لەگەڵ ئەوەی خاوەن کەساییەتییەکی جوانیشە پارەشی هەیە بێگومان بۆماوەیەکی درێژ بەبێ هاوسەر نامێنێتەوە، هاوسەرگیریش مانای لەدەستدانی سەد جونیەی ساڵانەی دەدا، کەواتە مێردی دایکی چییەکات بۆئەوەی ڕێگری لەهاوسەرگیرییەکە بکات؟ ڕوونە پەیڕەی ڕێگای نەچوونەدەرەوە وتێکەڵبوونی لەگەڵ هاوتەمەنی خۆی دەکات، بەڵام ئەزانێت بۆماوەیەکی درێژ ئەم کارەی سوودی نابێت، دەستی کردبوو بەداواکردنی مافەکانی خۆی، لەکۆتایدا چوونی بۆئاهەنگەکە ڕاگەیاند، ئەوکاتە پیاوەکە چییەکات؟ بیر لەپیلانێك دەکاتەوە زیرەکی وخراپی خۆی تێدا دەرەخات، ژنەکەی یارمەتی دەدات لەژێر ناوی کەسێکی ترو ڕووپۆشێکی دیکەدەرکەوێت، چاوەکانی لەژێر چاویلکە وڕووخساری بەڕیش وسمێڵ و دەنگە گڕەکەی لەژێر چپەیەکدا دەشارێتەوە، ئەو پیاوەی پاراستن

ودڵنیـــایی بەکـــچەکە دەدا لەژێـــر نـــاوی " هۆســـمەر ئەینجـــڵ" دا دەردەکەوێـــت وڕۆڵـــی خۆشەویســـتێك دەبینێـــت تـــاوەکو ڕێـــگەی لێبگرێت لەنزیك بوونەوەی لەگەڵ کەسانی دیکە.

میـــــوانە خۆپەرســــــتەکەمان بەدەســــــت بەســــــتراوی وتــــــی: لەسەرەتادا گاڵتەیەك بوو، نەمزانی بەوشێوەیەی لێدێت.

- لەوانەیە وابێــــت، بەڵام کـــــچەکە بەهـــــۆیەوە دڵخـــــۆش بـــــوو، دڵنیـــــابوو زڕبـــــاوکەکەی لەگەشـــــتی فەرەنســـــایە هەرگیــــــز بۆســــــاتێکیش ئەوەی ببیــــــردا نەئەهــــــات خیـــانەتی لێبکـــات، بەڵکـــو هەســـتی بەدڵخۆشـــی دەکـــرد کاتێــــــك دەیبینــــــی بەڕێزێــــــك ئــــــاواگرنگی پێــــــدەدا، سەرســـامی دایـــکەکەی زیـــاتر بـــوو، کاتێـــك بەڕێـــز " ئەینجـــڵ" دەســـتی بەســـەردانکردن کـــرد ڕوون بـــوو کەئەبـــوایە زیـــاتر هەنگـــاوی بنـــایە تـــاوەکو زووتـــر بگاتە ئامانجەکەی.

چاوپێکەوتنەکـــان کـــران، دواتـــر دەزگیرانـــداری کـــرا کەگرەنتــــی ئەوەی دەکــــرد کــــچەکە چیتــــر هەســــتی بـــۆهیچ پیـــاوێکی نەبێـــت. بەڵام نەئەکـــرا بۆهەمیشـــە فــــــێڵەکە بەردەوام بێــــــت، چــــــوون بــــــۆ فەرەنســــــا مانـــدوبونێکی ئێجگـــاری ئەهێنـــا ئەبـــوایە بۆهەمیشـــە بەشــــێوەیەکی تراژیــــدیانە ســــنورێکی بۆبەجێبهێڵێــــت کەبەم کــــارەش بەشــــێوەیەکی هەمیشــــەی کــــار لە ئەقڵـــی کـــچەکە دەکـــات ســـەیری داواکـــاری دیـــکە بکـــات بۆمــــاوەیەك. ئەم کارەشــــی لەســــەر بەڵێنــــی وەفــــا وبـــوونی ڕودانـــێ شـــتێك لەبەیـــانی هاوســـەرگیرییەکە کـــورت کردبـــوەوە، " جەیمـــس وینـــدیبانك" ئەبـــوایە خـــاتوو " ماریســـزرلاند" ی بە " هۆســـمەر ئەینجـــڵ"

ببەستایەتەوە هەرچۆنێکبوبێت..... لەوەیە بۆبیست ساڵ ئەوکارەی بکردایە.
هەتاوەکو بەردەم کلێسای برد بەڵام نەیتوانی لەوەزیاتر هەنگاو بنێ، بەشێوەیەك ونبوو کەلەگەڵ باردودۆخەکەدا بگونجێ، فێڵی کۆنی بەکارهێنا سواری گالیسکەی چوارتایەبوو هەرکە سواری بوو لەدەرگاکەی دیکەوە وەدەرکەوت! پێم وابێت ئەمە زنجیرەی ڕووداوەکانە " ویندیبانك" .

لەکاتی قسەکردنی "هۆڵمز" دا میوانەکەمان متمانەی بۆخۆی گەڕاندەوە، هەستا وڕوویەکی گاڵتەئامێزانە بەڕووخسارییەوە دەرکەوت، ئەکرێ ئەوەی وابێت لەوەشەوانەبێت، ئەگەر تۆئەوەندە ئەقڵێکی وا تیژت هەیە ئەبێ درك بەوەبکەی ئەوەی ئێستا سەرپێچی یاسادەکات تۆی نەك من، مادام ئەم دەرگایەت داخستووە خۆت توشی دەستدرێژی وگرتنی نایاسایی کرد.

هۆڵمز بەدەم گرتنی دەرگاکەوە وتی: وەکو ئەوەی دەیڵێیت، یاساناتوانێت بتگرێت، بەڵام لەهەموو کەس شایەنی سزایت، ئەگەر ئەو خاتوونەباوك یان برایەکی هەبوایە ئەبوایە بەقامچی لەپشتی بدابایتایە.

کاتێك ئەو گاڵتە پێکردنەی لەسەر ڕووخساری " ویندیبانك" ی بینی کاردانەوە وسووربوونەوە لەسەر کوڵمەکانی هۆڵمز دەرکەوت، بەردەوام بوو وتی: ئەمە ئەرکی من نییە بەرامبەر بریکارەکانم، بەڵام ئەوە قامچی ڕاوە و پاداشتی خۆم ئەدەم بەوەی............

دواتر دووهەنگاوی خێرایی بەرەو قامچییەکە نا، بەڵام پێش ئەوەی بیگرێت ڕایکرد لەژێر دەستی هۆڵمز

لەپەنجەرەکەوە دەمانتوانی " ویندیبانك" ببینین بەخێرایی ڕایدەکرد.

هۆڵمز بەپێکەنینییەوە لەسەر کورسییەکە دانیشت: چ خوێڕییەکی بەبەزییە! لەتاوانێکەوە بازدەدات بۆتاوانێکی دیکە هەتاوایلێدێت تاوانێکی مەترسیدار دەکات وخۆی لەپشت شیشەکانی زیندان دەبینێتەوە.



لەکۆتاییدا وتم: بەڵام هێشتا ناتوانم بەڕوونی لەهەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەکەت بگەم.

- دیـــاربوو لەســـەرتاوە ئەبـــوایە هۆكـــارێكی بەهێـــز هەبوبێـــــت كەبەڕێـــــز " هۆســـــمەر" بەوشـــێوەیە ڕەفتـــاری كـــردووە، بەئاســـتێك كەتـــاكە پیـــاوی ســـوودمەند لەم نێوەنـــدەدا زڕبـــاوكەكەیەتی، لەگەڵ ئەوەی دوو پیـــاوەكە لەیەك كاتـــدا دەرنەكەوتـــن پـێكەوە، بەڵكـو هەركاتێـك یەكێكیـان دەردەكەوتـن ئەویـدیكەیان ونـدەبوو. چـاویلكە ودەنگێكـی بەچـپە بەڵگەیەكـی ڕوونـی خۆگـۆڕین بـوو، لەگەڵ ڕیـش وسمێڵێكی چڕ.

هـۆڵمز بێـدەنگبوو دواتـر بەردەوام بـوو: گومانەكـانم بەهـۆی ئیمـزاكەوە ڕوون بـویەوە، خەتـی بـۆكچەكە زۆر ڕوون بـوو بەجۆرێـك ئەتـوانی تێبینـی بـكەی تەنهـا ئەوەی نوسـیووە... وەكـو ئەوەی دەیبینـی كاتێـك سـەیری ئەم بەڵگـانە دەكەی جیاجیـان بەڵام كاتێـك بەگشـتی سـەیریاندەكەی هەموویـان پێكەوەن وبەرەویەك ئاڕاستە ئەڕۆن.

- چۆن لەدروستی ئەم بەڵگانەت كۆڵییەوە؟
- كاتێـك پیـاوەكە دیاریـدەكەی دانپێـدانانی ئاسـانترە، لەبەرئەوەی كۆمپانیـاكە دەزانـم كەكـاری لێـدەكات هەمـوو ئەوەسـفانەی لەڕوژنـامەكە هـاتبوون بـێجگە لەچـاویلكە وڕیـش وسـمێڵی هەمـوویم نووسـی ونـاردم بـۆ كومپانیـاكە پـێم وتـن ئاگـادارم بـكەنەوە ئەگەر ئەووەســـفانە لەســـەر هەر كارمەنـــدێكیان جێگیردەبێت.

تێبینـی تایبەتمەنـدیی نوسـینی چـاپم كردبـوو نـامەیەكم بۆپیـاوەكە نووسـی وداوام لێكـرد گەورەیـی بنوێنێـت وبێـت بـۆئێرە، لەگەڵ سـادەییەكەیدا چەنـد نیشـانەیەك دەركەوتـن .

لەگەڵ پۆستە نامەیەکم لە کۆمپانیای وێستهاوس وماربانك پێگەشت کەئەو وەسفەی من پێم وتبون بەتەواوی لەسەر کارمەندێکیان بەناوی" جەیمس ویندیبانك" جێگیر دەبێت... ئەمە هەموویەتی کەڕوویدا.

- ئەی خاتوو " ماری"؟
- ئەگەر ڕاستییەکەم پێ بوتایە بڕوای پێنەدەکردم، تەنها نموونەیەکی فارسیت بیردەخەمەوە کەدەڵێت: (( هەرکەسێك هەوڵبدات خەیاڵی ئافرەتێك بشێوێنت وەکو ئەوەوایە خۆی بخاتە مەترسییەکەوە وەك مەترسی جیاکردنەوەی دایکە شێرێك وبێچووەکەی))......... ئەمەش کۆتایی دۆسییە بچوکەکەمان.

*   *   *

-تەواو-

# دۆڵی بۆسکۆمپ

(( دەمزانـــی هەر هەنگاوێــك هــاوڕێكەم دەینێــت ئامــانجێكی دیاریكراوی خۆی هەیە)).

- واطسۆن-

# لیستی کەسایەتییەکان

شـــێرلۆك هـــۆڵمز: پشـــکنەری تـــایبەت، وبەناوبـــانگترین پشکنەر ولێکۆڵەر لەئینگلتەرا.

واطســۆن: دکتــۆر وهاوکــارو هــاوڕێی شــێرلۆك وگێــڕەوەی چیرۆکەکان.

لیستراد: پشکنەر لەبنکەی پۆلیسی سکۆتلەندیارد

مکــارثی بــاوك: هــاوڕێی بەڕێــز تێــرنەر وبــاوکی جەیمــس تێرنەر.

جەیمس مکارثی: کوڕی بەڕێز مکارثی.

بەڕێز تێرنەر: پیاوێکی پیری دەوڵەمەندە.

ئالیس تێرنەر: کچی بەڕێز تێرنەر.

ویلــیەم کــراودەر: پاســەوانی هــاوینەهەوارەکەی بەڕێــز تێرنەر.

جۆن کریب: خزمەتکاری بەڕێز مکارثی.

بەیانیەك بوو لەسەر مێزی نانخواردن لەگەڵ هاوسەرەكەم دانیشتبوین نانی بەیانیمان دەخوارد لەپڕ خزمەتكارەكە بەبروسكەیەكی " شێرلۆك" خۆی كرد بەژورەوە؛ دەقەكەی بەم شێوەیە بوو: (( كاتت هەیە بۆدووڕوژ لەگەڵم بێیت؟ هەرئێستا دەربارەی كارەساتێك لەدۆڵی بۆسكۆمپ بروسكەیەكم پێگەشتووە، دڵخۆشەبم هاوسەفەرم بیت. لەوێ هەواپاكەو دیمەنێكی ناوازەشی هەیە كاتژمێر یانزەو چارەك لەوێستگەی پادینگتۆن بەڕێ دەكەوم)).

ژنەكەم لەچاوەكانی دەڕوانیم ووتی: ڕات چییە ئازیزەكەم؟ دەڕۆیت؟

- بەڕاستی نازانم چیبڵێم، لەئێستادا لیستێكی درێژی نەخۆشم لایە.
- اەە، " ئاڵستۆسەر" ی هاوكارت كارەكان لەئەستۆ دەگرێت خەمت نەبێت. لەم دوایەیشدا كەمێك زەردیت پێوە دیارە، ئەم گەشتە سوودی ئەبێت بۆت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دۆسیەكانی بەڕێز " شێرلۆك هۆڵمز" جێگەی بایەخی تۆبوون.

وەڵامم دایەوە ووتم: كەوایە ئەبێ خۆم ئامادەبكەم، نیو كاتژمێرم لەبەردەستە.

ئەزموونەكانێ ژیانم لەسەربازگەكانی ئەفغانستان كاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەم دروست كردبوو، هەرچەندە پێویستیشم كەمە بەڵام بەبەردەوامی منی كردبووە گەشتیارێكی ئامادە. بەم شێوەیە كەمتر لەكاتی خوازراو حازربووم ولەناوگالیسكەیەكدا بەرەو وێستگەی پادینگتۆن دەڕۆشتم.

" شـێرلۆك" لەسـەر شۆسـتەكە دەهـاتوو دەچـوو، لەنـاو پـاڵتۆ خۆڵەمێشـــییە گەشـــتییەكەیدا بـــاڵا بەرزو جەســـتە لاوازەكەی لاوازتـر دەردەكەوتـن؛ كڵاوێكـی لەقومـاش دروستكراویشـی لەسەر بوو.

كاتێـك چـاوی بەمـن كەوت: زۆر سوپاسـگوازم كەهـاتی" واطسـۆن"، زۆر گـرنگە لام كەسـێك لەگەڵـم بێـت بتـوانم پشـتی پـێ ببەسـتم، یاریـدەدەرە ناوخۆییەكـان هەمیشـە یـان بـێ سـوودن یـان زیـرەك نـین. هەتـا بلیتەكـان دێـنم دووكورسـی بگرە.



لێی پرسیم وتی: هیچت دەربارەی دۆسیەكە بیستووە؟

- یەك وشەش نا، چەند ڕۆژێکە ڕۆژنامەم نەخوێندۆتەوە.
- ڕۆژنامەی لەندەن بەتەواوی دۆسییەکەی نەخستۆتە ڕوو، هەموو ڕۆژنامە تازەدەرچووەکانم خوێندەوە تابتوانم لێکۆڵینەوە لەووردەکارییەکان بکەم، وەکو ئەوەی تێگەشتبم یەکێکە لەودۆسییە سادانەی کەئەکرێت لەوپەڕی گرانیدا بێت.
- قسەکانت ئاڵۆز دەرەکەون.
- بەڵام وورد تائەوپەڕی؛ هەرکاتێك تاوانێك ئاسایی و بێ زانیاری بێت چارەسەرکردنی گران ئەبێت. لەم دۆسییەدا بەڵگەیەکی بەهێزیان دژی کوڕی بکوژ خستۆتە ڕوو.
- کەواتە کوشتنە؟
- باشە، زۆربەی خەڵکی وایدادەنێن، بەڵام هەتا بەتایبەت لێی نەکۆڵمەوە هیچ شتێك ناڵێم. چۆن لێی تێگەشتووم ئاوا بۆتی باسدەکەم: دۆڵی بۆسکۆمپ ناوچەیەکی دەشتییە لەهیرفوردشایەر ( زۆر لەڕوسەوە دوونییە)، بەڕێز " جۆن تێرنەر" گەورەترین خاوەن موڵکی زەوییە لەناوچەکە، سەروەتەکەی لەئوستراڵیا بنیاد ناوە و دوای چەند ساڵێك گەڕاوەتەوە بۆوڵات. یەکێك لەکێڵگەکانی بەناوی " هاثرلی" بەکرێگیراوە لەلایەن بەڕێز" چارڵز مکارثی" کە ئەویش لەئوستراڵیا ژیاوە، ئەم دووپیاوە لەوێ لەکانەکان ئاشنای یەك بوون، بۆیە نائاسایی نییە بیانەوێت دوای جێگیربوونیان هەتا دەتوانن لەیەك نزیك بن.

ڕوونـــیش بـــوو " تێـــرنەر" دەوڵەمەنـــدتر بـــوو، "مکـــارثی" کرێچـــی ئەوبـــووە وپەیوەنـــدییەکی قـــوڵ لەنێوانیانـــدا بـــووە وپـــێکەوە کاتەکانیـــان بەســـەر بردووە.
" مکـــارثی" کـــوڕێکی تاقـــانەی هەژدە ســـاڵانی هەیە و" تێـــرنەر" یـــش کچێکـــی هـــاوتەمەنی کـــوڕەکەی ئەوهەیە وهەردووکیـــان بـــۆ هـــاوژینن ولەژیانـــدا نەمـــاون. لەگەڵ دراوســـێیەکانیان تـــێکەڵاو نەبـــوون ودوورەپەرێـــــز بـــــوون، ســـــەڕەڕای ئەوەش " مکـــارثی"وکوڕەکەی خولیـــای وەرزشـــیان هەبـــووە و چەنـــــدین جـــــار لەو پێشـــــڕکێیانە بینـــــراون کە لەونـــــــاچەیەکراون. ژمـــــــارەی ئەوکەســـــــانەی لەخـــانوەکەی " تێـــرنەر" دادەژیـــن لەشـــەش کەس تێناپەڕێت.
تـــوانیم ئەوزانیاریـــانە لەســـــەر هەردوو خێـــزان کـــۆبکەمەوە، بائێســـتاش ســـەیری داتاکـــان بکەیـــن: لەســـێی مـــانگی حـــوزەیران کەدەکـــاتە دووشـــەمەی ڕابـــردوو نزیکـــی کـــاتژمێر ســـێی دوانیـــوەڕۆ " مکـــارثی" بەپیـــادە بۆدەریـــاچەی بۆســـکۆمپ بەڕێ کەوتـــووە، دەریـــاچەیەکی بچـــووکە لەئەنجـــامی خێرایـــی ئەوڕووبـــارەی لەدۆڵـــی بۆســـکۆمپ ەوە دێـــت دروســـت بـــووە. ئەوبەیـــانیە " مکـــارثی" لەگەڵ خزمەتکـــارەکەی لەوێ بـــوون لەڕووس، پێـــی وتـــوو خێـرا بکـات چـونکە کـاتژمێر سـێ مۆعیـدێکی گرنگـی هەیە، کەدەکـــاتە هەمـــان ئەوکـــاتەی کۆتاجـــار بەزیندوێتی بینراوە.

دەریـــاچەی بۆســـــکۆمپ چـــارەکە میلێـــك لە هـــاثرلی یـــیەوە دوورە، دووکەس بینیویـــانە ڕێگـــاکەی بڕیـــوە، یەکێکیــــان نـــــاوی نەهێنـــــراوە بەڵام نوســــراوە کە ژنێکــــی پیـــرە، ئەوی دیــــکە " ویلــــیەم کـــراودەر" بـــووە، پاســـەوانە لەژێـــر بـــاڵی " تێـــرنەر" کارەکـــات. هەردووکیــــان گەواهـــــی ئەوەیــــان داوە کەبەڕێـــــز " مکـــارثی" تەنهـــا بـــووە، وتوشـــێتی ئەوڕێگـــایەی ئەو پیایـــدا ڕۆشـــتووە دوای چەنـــد خولەکێـــك کـــوڕەکەی " جەیمــــس مکـــــارثی " یـــــش بەدوایـــــدا ڕۆشـــــتووە و تفەنگێکــــی پێبـــووە، بـــاوکەکە لەپێشـــــدا ڕۆشـــــتووە وکوڕەکەشــــی لەدوایـــــدا؛ بەڵام بــــابەتەکە گرنگــــی پێـــــنەداراوە هەتـــــا کــــاتێ ئێـــــوارە گوێبیســــــتی ئەو تراژیدیایە ئەبن.
کەســــێکی دیــــکە دوای "کــــراودەر" بۆکۆتاجــــار ئەوانــــی بینیـــوە، ئەوکەســــەش " پیشـــنس مـــۆران" بــــووە، کچـــــی پاســــــەوانی هــــاوینەهەواری دۆڵـــــی بۆســـکۆمبە، لەنێـــو دارەچڕەکـــانی دارســـتانەکە بـــووە کە بەڕێـــز " مکـــاراثی" وکـــوڕەکەی پـــێکەوە بینیـــوە وبەجـــــوانی دیـــــاربووە کە دەمەقــــاڵێ لەنێوانیــــادا ڕوویـــداوە، وشـــەی زۆر ڕەق لە" مکـــارثی" بـــاوك بیســـتراوە کەبەکـــوڕەکەی وتـــووە، کـــوڕەکە بینـــراوە بەشـــێوەیەك دەســـتی بەرزکـــردۆتەوە کەهەوڵ بـــدات لەبـــاوکی بـــدات، کـــچەکەش قیژانـــدویەتی وڕایکـــردوە، کاتێـــك گەڕاوتەوە بۆمـــاڵەوە بەدایکـــی وتـــووە چـــی بینیوە.

ئەم قسانەی تەواو نەکردوە وبەڕێز " مکارثی" کوڕ هاتووە بۆلای پاسەوانەکە تابڵێت باوکی بەمردوویی دۆزیوەتەوە وپێویستی بەهاوکارییە.
لەحاڵەتێکی دەسەپارچەدابووە نەکلاوەکەی نەتفەنگەکەشی پێنەبووە، تێبینی ئەوەکراوە دەستی ڕاستی خوێنی تازەی پێوەبووە. کاتێك وەدووی کەوتوون جەستەیەکی ڕاکشاویان لەسەر گیایی نزیك دەریاچەی بۆسکۆمپ دۆزیوەتەوە، کەللەی سەری کوژراوەکە بەچەکێکی ناتیژ بەشێوەیەکی بەردەوام لێدراوە. ئەوبرینەش ئەکرێ بەهۆی ئەوتفەنگەوەبێت کەچەند هەنگاوێك لەتەرمەکەوە دوورە. بەهۆی جلەکانییەوە کوڕەکە بێ یەك ودوو دەستگیرکراوە، لەئەنجامی ئەولێکۆڵینەوەی سێشەمە کراوە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەستیان ئاراستە کردووە، ڕۆژی پێنج شەمەش پێشکەشی دەستەی دادوەران لەڕووس کراوە، بەڵام دۆسیەیەکەیان بۆدانیشتنی دواتر دواخستووە.

ئەوەش دۆسیەیەکەیە کە پۆلیس خستویەتیە ڕوو.

*　　　*　　　*

دوای ئەوەی " هـــۆڵمز" لەقســـەکانی بـــویەوەوتم: نـــاتوانم دۆســـێیەکی پیســـتر لەم دۆســـێیە ببیـــنمەوە، ئەوبەڵگـــانەی ئێســـتاش تـــاوانێکی قێـــزەوەن دەخەنە ڕوو کەهەرگیـــز پێشـــتر شتی واڕووینەداوە.

" هـۆڵمز" لەبیرکردنەوەیەکـی قوڵـدا بـوو وتـی: ئەم بەڵگـانە هەڵخەڵێـــــنەرن وئامـــــاژە بـــــۆلایەکی دەکەن، بەڵام ئەگەر گۆشـەنیگای خـۆت کەمێـك بگۆڕیـت دەبینیـت بەهەمـان هێـز ئامـــاژە بـــۆلایەنێکی دیـــکە دەکـــات. بەڵگەکـــان بەرامـــبەر گەنـــجەکە زۆر بەهێـــزن ئەشـــکرێت ئەو بکوژەکەبێـــت، لەنـــاو ئەو دراوســـــێیانەدا تەنهـــا یەك کەس پێـــی وایە بێتـــاوانە ئەویـــش کچـــی بەڕێـــز " تێـــرنەر"ە ؛ تەنـــانەت بەبەڕێـــز " لیســـتراد" ی وتـــووە بەرگـــری لەکـــوڕەکە بکـــات، " لیســـتراد" یـــش هەســـتی بەئـــاڵۆزی کـــردووە لە دۆســـێیەکەدا و ڕەوانەی منـــی کـــردووە، هەر لەبەر ئەوەشـــە دوو کەســـی وەکـــو مـــن وتـــۆ لەناوەڕاســـتی تەمەنیـــان بەخێرایـــی پەنجـــا میـــل لەکاتژمێرێکـــدا لەبـــری ئەوەی بەرەو مـــاڵەوە بەڕێ کەون بەرەو ڕۆژئـــاوای لەندەن دەڕۆن!

- ئەترســـم بەڵگەکـــان یـــان دۆســـێیەکە ئەوەنـــدە ســـادە وڕوون بێـــت پشـــکی شـــێرت لەچارەســـــەرکردنی بەرنەکەوێت.

بەپێکەنیـنەوە وەڵامـی دامەوە وتـی: هـیچ شـتێك لەڕاسـتییەکی ڕوون هەڵخەڵێنەرتـــین نیـــیە، چەنـــد ڕاســـتییەکی دیـــکە کە" لیســـتراد" بـــۆی دەرنەکەوتـــووە ئـــێمە بۆمـــان دەرەکەوێـــت. بەپێـــی پێویســـت دەمناســـی بەخۆمـــا نانـــازم ولـــوت بەرزنـــیم کاتێـــك دەڵـــێم بەجۆرێـــك دۆســـێیەکە چارەســـــەردەکەم کە تەنـــانەت " لیســـتراد" بیریشـــی بۆیناچێـــت ونـــاتوانێ لێـــی

تێبگــات. بــادوور نەڕۆیــن ونمــوونەیەکی نزیکــی لەســەری بێنیـــنەوە، بەڕوونـــی ئەتـــوانم بـــزانم کاتێـــك لەبەردەم دەستشـۆری گەرمـاوەکەت وەسـتاویت تـاوەکو ڕیشـت بتاشـیت پەنـــچەڕەکە کەوتـــۆتە لای ڕاســـتەوە، بەڵام گومـــانم هەیە لەوەی " لیستراد" بتوانێت تێبینی شتێکی ئاوا سادە بکات.

- بۆخاتری خوا تۆچۆن.......؟!

- بەباشـــیّ دەتناســـم هـــاوڕیّ ئـــازیزەکەم، کەســـایەتییە وورد و درشـــتەکەی ســـەربازییت بەباشـــی ئاشـــنام، هەمـــوو بەیـــانییەك ڕیشـــت دەتاشـــیت و لەم کـــاتەی ساڵیشـدا لەتیشـکی خـۆر سـوودەبینیت لەکـاتی ڕیـش تاشـیندا. لەبەر ئەوەشـی ڕیـش تاشـینەکەت بەجـوانی وڕێکـــی وســـەربازییانە دەکەیـــت وورد ببیـــنەوە لەڕووخســـارت بەئاســـانی دەتوانرێـــت بزانزێـــت لای چەپـــت کەمتـــر ڕوونـــاکی بەرەکەوێـــت تـــاوەکو لای ڕاســـتت، ئەگەر لەڕوونـــاکییەکی باشـــدا خـــۆت ببینـــت وەکـو ئەوەی ئێسـتا مـن دەتبیـنم باوەڕنـاکەم کەسـێکی وەکـو تـۆ ڕازی بێـت بەوشـێوە ڕیـش تاشـینە. کێشـەی نیـــیە ڕیشـــەکەت بەڵام لەئەنجـــامی تێبینیەکـــی ورد وامـــوت، بـــواری کـــارکردنی مـــن پێـــدەزانی، ئەبـــیّ خزمەتـــــــی ئەولێکـــــــــۆڵینەوەیە بـــــــــکەم کەلەبەردەمانـــــدایە، خاڵێـــــك یـــــان دووخـــــاڵ لەلێکۆڵینەوەکـان دەچـوون شـایەنی ئەوەیە بەهەنـد وەربگیرێن.

- چین؟

- دەسـتگیرکردنی کـوڕەکە ڕاسـتەوخۆ نەبـووە، بەڵکـو دوای گەڕانەوەی بـــووە لەکـــێڵگەی هـــاترلی. کاتێـــك پـــۆلیس پێـــی وتـــووە قۆڵبەســـت دەکرێـــت سەرســـام

نەبووە و وتوێتی شایەنێتی. هەر ئەم قسەش هەمووگومانەکانی لەسەر دەستەی دادوەران ڕواندۆتەوە.

هاوارمکردوو وتم: دانپێدانانی خۆیبووە.

- نا، دواتر سوور بووە لەسەر بێتاوانی خۆی.
- بەڵام کاتێك وایوتووە شتەکان گومانــاوی و ئاڵۆزبوون.

" هۆڵمز" وتی: بەپێچەوانەوە لەناو ئەوهەموو هەورە تاریکانە تاکە کەسە وەکو ڕووناکییەك ببینم، هەرچەنێك بێتاوان بێت ناکرێت ئەوەندە گەمژە بێت نەبینێت جلە خوێناوییەکانی بەشێوەیەکی مەترسیدار دژی خۆین،ئەگەر لەکاتی قۆڵبەست کردنیدا سەرسامی یان هەر کاردانەوەیەکی دیکەی دەربڕیایە ئەوکات بەگومانـاوی دائەنرا، لەبەرئەوەی دەربڕینی تووڕەیی یان سەرسامی ئەتوارێکی ناسروشتی نابێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو جلانەدا، قبوڵ کردنی بارودۆخەکە ئاماژە بۆدووشت دەکات؛ یائەوەتا گەنجێکی بێتاوانە، یان ئەوەتا کەسێکە دەتوانێت بەباشی خۆی کۆنترۆڵ بکات وئارام بێت. بەهەمان شێوەش ئەوکاتەی واوتویەتی شایەنێتی بەهەمان شێوە ئەوەش ئاسایی نەبووە ئەگەر لێی بڕوانی لەپەنای جەستەی باوکییەوە بووە، گومانی تێدانییە ئەوڕۆژە خۆشەویستی وئەرکی خۆی بەرامبەر باوکی لەبیرکردووە بەپێی وتەی کچەکە بێت کەزۆر گرنگە دەستی لەهەوادا لەباوکی بەرزکردۆتەوە لێی بدات، بۆمن وادەردەکەوێت هەستی پەشیمانی وتاوان لەوتەکەیدا ئاماژەن بۆئەقڵێکی سەلامەت نەك ئەقڵی تاوانبارێك.

سەرم ڕاوەشاند ووتم: چەند پیاو بەهۆی بەڵگەیەك دانەیەکی لەوشێوەیە هەڵواسراون!

- بەتەواوی، چەندین پیاو بەستەملێکراوی هەڵواسراون.
- وتەی گەنجەکە چییە دەربارەی؟
- بوێرنییە تاسەربکەوێت، لەوتەکانیدا یەك دووخاڵ هەیە. ئەوەتا لێرەیە دەتوانی خۆت بیخوێنیتەوە.

لەناوەڕاستی جانتاکەیدا کۆپییەکی لەڕۆژنامەی هیرفۆردشایەر ی ناوخۆیی دەرهێنا، دوای ئەوەی لاپەڕەکەی هەڵدایەوە ئاماژەی بۆ ئەوبڕگەیە کرد کەگەنجەکە دواوە دەربارەی.

لەسەر کورسی شەمەندەفەرەکە دانیشتبووم بەووردی دەمخوێندەوە. دەقەکەی بەم شێوەیە بوو:



بەڕێز " جەیمس مکارثی" ( تاقە کوڕی کوژراو) گەواهی داوەو وتویەتی:

بۆماوەی سێ ڕۆژ لە بریستۆڵ بووم و دووربووم ماڵەوە، نەگەڕامەوە هەتا بەیانی ڕۆژی دووشەمە ی ڕابردوو کەدەکاتە سێی مانگ. کاتێک گەڕامەوە ماڵەوە باوکم لەماڵەوە نەبوو خزمەتکارەکە پێیوتم کەوا باوکم و" جۆن کریب" ی خزمەتکار بەرەو ڕووس بەڕێ کەوتوون، بەکاتێکێ کەم دوای گەڕاونەوەم لەحەوشەکە گوێبیستی دەنگی تایەی گالیسکەبووم وکاتێک لەپەنجەرەکەوە لێی ڕوانیم بینیم باوکمە وبەخێرایی لەحەوشەکەدەڕوا، نەمزانی بۆکوێ دەڕوات. دواتر تفەنگەکەم هەڵگرت و بەئارامی بەرەو دەریاچەی بۆسکۆمپ بەنیەتی ڕاوکردنی کەروێشک بەڕێ کەوتم لەلایەکی دیکەی دەریاچەکە، لەڕێگامدا "ویلیەم کراودەر" ی پاسەوانم بینی ( هەروەک لەگەواهییەکەشدا وتی)، بەڵام هەڵەی کرد کاتێک پێی وابوو وەدوی باوکم کەوتووم، نەمزانی لەبەردەممە. لەدووری سەر مەتر گوێم لەهاواری (( کوی)) بوو، ئاماژەیەکی نێوان خۆم وباوکمە، خێرا ڕۆشتمە پێشەوەو بینیم لەلای دەریاچەکە وەستاوە. کاتێک چاوی بەمن کەوت سەرسامی پێوەدیاربوو بەتوندی لێی پرسیم ئاخۆ چییەکەم لەوێ، دەمەقاڵێیەکی توند لەنێوانماندا ڕوویدا خەریکبوو بگاتە ڕادەی لێدان چونکە باوکم پیاوێکی کەللە ڕەقە، بەڵام کاتێک زانیم ڕەفتارەکانی لەکۆنترۆڵ دەرەچن جێم هێشت وگەڕامەوە بۆ کێڵگەی هاترلی سەدوو پەنچا مەترم نەبڕی لەدوامەوە گوێم لەدەنگێکی تۆقێنەری بەرز بوو، وایلێکردم بگەڕێمەوە، کاتێک ئەوم بینیەوە باوکم بەبرینێکی گەورە بەسەرییەوە کۆتا هەناسەکانی دەدات، تفەنگەکەم هەڵداو لەباوەشم کرد، بەڵام یەکسەر مرد، بۆچەند خولەکێک لەپەنایەوە دانیشتم، دواتر ڕۆشتم بۆکوخەکەی پاسەوانی

هاوینەواری بەڕێز " تێرنەر" چونکە نزیکترین بوو. داوای یارمەتیم لێکرد کاتێك گەڕامەوە کەسم نەبینی لەنزیك باوکم نازانم چۆن ئەوبرینەی سەری دروست بوو، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی کەسایەتییە ساردەکەیەوە کەس خۆشی نەدەویست ئەوەندەشی ئاگادار بم دووژمنیشی نەبوو.ئیتر نازانم.

دادەوەری مردن: باوکت پێش مردنی هیچی نەوت؟

کوڕ: بەچەند وشەیەکی کەم بڵمەبڵمێکی کرد، بەڵام بێجگە لەئاماژەیەك بۆ وشەی (( ڕات)) هیچی ترم نەبیست.

- چی لەوەگەشتی؟
- نازانم مانای چییە، پێموابوو وڕێنە دەکات.
- کۆتا شەڕتان لەسەر چی بوو؟
- باشترە وەڵام نەدەمەوە.
- ناچارم پێداگربم لەسەر وەڵامەکە.
- مەحاڵە پێت بڵێم، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕووداوەوە نیە.
- دادگا بڕیار لەسەر ئەوەدەدات، وەڵام نەدانەوەت لەزەرەوی خۆتە لەم دۆسێیەدا ولەدانیشتنەکانی دیکە کارەکان ئاڵۆزتر دەکات.
- هێشتا لەسەر وەڵام نەدانەوەی سوورم.
- تێگەشتم لەوە هاواری(( کوی)) ئاماژەیەکێ ناسراوی نێوان خۆت وباوکتە؟
- وابوو بەڵێ.
- کەواتە چۆن ڕوویدا ئەو هاواە پێش ئەوەی بیبینێت وپێش ئەوەبزانێت کەتۆ لەبریستۆڵ گەڕاویتەتەوە؟

کوڕەکە بەسەرساميیەکی زۆرەوە وتی : نازانم.

یەکێك لەئەندامەکان: هیچ گومانێك لات دروست نەبووە کاتێك گەڕاویتەوەو باوکت بەوشێوەیە بینیوە؟

- هیچ شتێکی دیاریکراوم نەبینی.
- مەبەستت چییە؟
- کاتێك ڕۆشتم بۆلای دەریاچەکە لەبارودۆخێکی نالەباردا بووم ، بێجگە لەباوکم نەمتوانی بیر لەهیچ شتێکی دیکە بکەمەوە، بەڵام کاتێك بەرەو لای باوکم هەنگاوم دەنا لەلای چەپەوە شتێکی ڕەنگ خۆڵەمێشیم بینی، لەوەیە شاڵ یان پاڵتۆ بوبێت....
 کاتێك باوکمم جێهێشت بۆئەوەی بەدوایدا بگەڕێم ونبوو نەمابوو.
- مەبەستت ئەوەیە ونبوو پێش ئەوەی بڕۆیت داوای یارمەتی بکەیت؟
- بەڵێ، ونبوو.
- ناتوانیت بزانیت چیبوو؟
- نازانم، بەڵام هەستم بەبوونی شتێك کرد.
- چەندێك لەتەرمەکەوە دووربوو؟
- نزیکەی دوانزە مەتر
- ئەی تۆ لەدارستانەکە چەندێك دووربوویت؟
- هەمان مەودا.
- کەواتە ونبوونەکە لەهەمان ئەوکاتەدا ڕوویداوە کەتۆ دوورکەوتویتەوە.
- بەڵێ، بەڵام پشتم لێ وەرگێرابوو.

بەمشێوەیە لێکۆڵینەوە لەکوڕەکە تەواوبوو.

بەدەم سـەیرکردنی نوسـراوەکە وتـم: دادوەر بەڕەقـی لەگەڵ " مکـارثی" گەنـج دواوە؛ هەمـوو سـەرنجەکان بـۆ هـاواری بـاوکەکە بۆکـوڕەکەی پـێش بینینـی ونەدرکانـدنی ووردەکارییەکـانی دەمەقـاڵێی خـۆو بـاوکی لەگەڵ ئەو وتە سـەیرانەی بـاوکی پـێش مردنـی وتـویەتی ڕادەکێشـێ، دواتـر دادوەر ئەڵێـت هەمـوو ئەم بەڵگـانە بەشـێوەیەکی گەورە دژی



گەنـجەکەن. " هـۆڵمز" بەدەنگێکـی نـزمەوە وتـی: تـۆو دادوەرەکە گرنگتـرین خاڵتـان لەبەرژەوەنـدی کـوڕەکە خسـتۆتە ڕوو؛ ئەوەنـابینی کەئێـوە دەڵـێن کـوڕەکە خـاوەن خەیـاڵێکی باشـە، دواتـر هەر خۆتـان ئەو خاسـیەتەی لەسـەر لائەبەن! ئەگەر نەتوانێـت هۆکارێـك بـۆ دەمەقـاڵێیەکی خـۆی وبـاوکی دروسـت بکـات تـاوەکو سـۆزی دەسـتەی دادوەران

بەدەست بێنێت بێجگە لەخەیاڵێکی وێران هیچی تر نییە، وە ئەگەر لەئەقڵە بەتاڵەکەیدا شتێکی نامۆی وەکو وشەی (( ڕات)) ی دروست کردبێت لەگەڵ پارچە قوماشەکە تاوەکو خۆی بەری بکات هێشتا ئەقڵی بەرهەمێکی هەیە. نا، هاوڕێکەم لەسەر بنیادی بێتاوانی کوڕەکە لەدۆسییەکە دەکۆڵمەوە، ئیتر بزانین بەرەو کوێمان دەبات. هیچ قسەیەکی تری لەسەر ناکەم هەتا نەگەینە مەیدانی تاوانەکە، نانی نیوەڕۆش لە سویندن ئەخۆین، بیست خولەکی دیکە دەگەین.

*                    *                    *

دوای تێپەڕاندنی دۆڵی ستراود و ڕووباری سیفرنی فراوان ودرەوشاوە لەکۆتایدا کاتژمێر چوار گەشتینە شاری ڕووس ی بچووك وجوان.

لەسەر شۆستەکە پیاوێکی چڵکن و لاواز چاوەڕێی دەکردین، سەرەڕای پاڵتۆ درێژەکەی کەبۆ ئەوژینگەیە گونجاوە کەتێیدایە ناسینەوەشی ئەستەم نەبوو لێکۆڵەر " لیستراد" بوو لەبنکەی پۆلیسی سکۆتلەندیارد، لەگەڵیدا ڕۆشتین بۆهۆتێلی هیرفۆردئارمز وژورێکیان بۆبەکرێ گرتبووین. دانیشتین پێکەوە چایەك بخۆین " لیستراد" وتی: داوای گالیسکەیەکم کردووە، سروشتی چالاکییەکانت دەزانم چۆنە هەتا سەردانی مەیدانی تاوانەکە نەکەیت ئاسوودەنابیت.

" هۆڵمز" وتی: لەچاکەی خۆتە، بەڵام کەوتۆتە سەر کەشەکە.

" ليستراد" وشكبوو وتی: لێت تێناگەم.

- بارۆمەتر ئامـاژە بەچییەكـات؟ بیسـت ونـۆیە، نەبـا نەهەوڕ نیـیە، هەروەك هـۆتیلە دەشـتییەكان پێـی بەناوبـانگن دانیشـتن لەسـەر ئەم قەنەفەیە زۆر باشترە ، بۆیە ئەمشەو گالیسەكەكە بەكارناهێنم.

بەلێبـوردەییەوە " ليسـتراد" پێكەنـی وتـی: ئەبـێ لەڕێـگەی ڕۆژنامەكـانەوە گەشـتبێتیتە كۆتـایی دۆسـیەكە، وەكـو خـۆر ڕوونە هەتـا قـوڵتر ببیـنەوە ڕوونتـر ئەبێـتەوە. بەڵام مـرۆڤ نـاتوانێ داوای خانمێـك ڕەت بكـاتەوە، جـا وەكـو ئەم خـاتوونەش پێـداگر، ناوبـانگی تـۆی بیسـتووە ودەیەوێـت ڕات بزانێـت، بەڵام دووبـارە ودووبـارە پێمـوت ناتوانیـت شـتێك بـدۆزیتەوە ئەوی پـێ ئاگـاداربكەینەوە....... بۆسـتە ئەوەچییە بینم؟ خۆ ئەوەگالیسكەكەیەتی لەبەردەم دەرگا!

قسـەكانی تەواو نەكـردوو لەمـاوەی سـاتێكدا یەكێـك لەجـوانترین ئافرەتەكـان تائێسـتا بینیبێـتم خـۆی كـرد بەژووردا، چاوەكـانی دەدرەوشـانەوە وڕوومەتەكـانی بەناسـكی سـووركرابوون، ڕووخسـارە سروشـتییەكەی لەژێر نیگەرانیدا ونببوو، وتی: ااەە، بەڕێز " هۆڵمز"!

جارێـك لەمنـی ئەڕوانـی جارێـك لەهـاوڕێكەم لەكۆتـایی گەشـتی چاوەكانیـدا؛ چاوەكـانی لەسـەر هـاوڕێكەم جێگیربـوو، بەردەوام بـوو وتـی: چەنـد دڵخۆشـم بەهاتنـت، بەگالیسـكەكەم هـاتووم تـائەوەت پێبڵـێم، مـن ئەزانـم " جەیمـس" كـاری واناكـات، بەڵكـو لەوەدڵنیـام كەكـاری واناكـات خۆشـت ئەتـوانی دەسـت بەلێكۆڵینەوەبكەیـت وبـۆت دەرەكەوێـت كەوایە، هەرگیـز ڕێـگە مەدە گومانـت بۆدروسـت ببێـت. لەوكـاتەوەی منـاڵبووین ئاشـنای یەكـین، لەهەر كەسـێكی

دیـــکه باشـــتر کەمـــوو کوڕییەکـــانی ئاشـــنام، دڵێکـــی بەبەزەیـــی هەیە مەحـــاڵە ئـــازاری مێشـــولەیەکیش بـــدات، هەرکەســـێك بیناسێت ئەوڕاستییە دەزانێت.

" شـــێرلۆك" وتـــی: هیـــوادارم بتـــوانین بێتـــاوانی بســـەلمێنێن خـــاتوو " تێـــرنەر"، دڵنیاشـــت دەکەمەوە ئەوپەڕی توانـــای خۆم دەخەمە گەڕ.

- بەڵگەکانـــت خوێنـــدەوە، هـــیچ بۆچونێکـــت لەســـەری هەیە؟ کەســـی جێبەجێکـــار ئەبینـــی، هـــیچ شـــتێك بتوانێـــت یارمەتیـــدەر بێـــت؟ تـــۆش پێـــت وانـــیە ئەو بێتاوانە؟
- بەئەگەرێکی زۆرە پێم وابێت وایە.

ڤیژاندیوو وتی: ئەوەم دەوێت.

دواتـــر ئـــاوڕی دایەوە وچـــاوی بـــڕییە نێـــو چـــاوانی " لیســـتراد" ووتی: گوێت لێیە؟ ئەو هیوام بۆدێنێتەوە.

" لیســـتراد" شـــانەکانی هەڵتەکانـــد ووتـــی: هاوکـــارەکەم کەمێـــك خێرای کردووە لەئەنجامەکان.

- بەڵام ڕاســـــتەکات. بەڵـــــێ، ئەزانـــــم ڕاســـــتەکات، "جەیمس" نەیکوشتووە.
ســـــەبارەت بەشـــــەڕەکەی لەگەڵ باوکیشـــــی بـــــۆیە وەڵامـــــی نەداوەتەوە چـــــونکە پەیوەنـــــدی بەمـــــنەوە هەیە.

" هۆڵمز" پرسی: چۆن؟

- نـــاتوانم لەوەزیـــاتر ڕاســـتییەکان بشـــارماوە؛ هۆکـــاری زۆرێـــك لەناکۆکییەکـــانی " جەیمـــس" وبـــاوکی مـــن بـــووم، بەڕێـــز "مکـــارثی" زۆر پاڵەپەســـتۆی دەخســـتە

ســـەری تـــاوەکو قایـــل بێـــت هاوســـەرگیریم لەگەڵا بکـــات، بەڵام پەیوەنـــدی مـــن و" جەیمـــس" بـــێجگە لەپەیوەنـــدییەکی خوشـــك وبرایـــانە هیچـــی ترنەبـــوو، هێشـــتا گەنـــجە وکـــاری زۆری لەبەردەمە تـــاوەکو بیکـــات، بۆیە......باشـــە، بـــۆیە ئەو نایەوێـــت لەئێستادا هەنگـاوی بێنیـتە پێشـەوە وکـاری وابکـات،



هەلەبەر ئەوەشـــە بەبەردەوامـــی لەگەڵ بـــاوکی شـــەڕی بـــوو، دڵنیـــام ئەمەی کۆتـــا دانەش هەر لەسەر من بوو.

" هـۆڵمز" پرسـی: ئەی باوکـت چـی؟ ئەویـش ڕازی بـوو بەو هاوسەرگیرییە؟

ـ نـا، بەڵکـو دژایەتـی دەکـرد، تەنهـا بەڕێـز " مکـارثی" پێی خۆشبوو پێداگری دەکرد.

کاتێـــــك " هــــۆڵمز" لێپڕوانــــــی کۆڵمەکـــــانی لەشــــــەرما ســــــووربویەوە ووتــــــی: ســــــوپاس بۆزانیارییەکانــــــت ئەگەر سبەینێ سەردانی باوکت بکەم ئەتوانم چاوم پێی بکەوێت؟

- پزیشك ڕێگەنادات.
- پزیشك؟
- بەڵــێ، نازنیــت؟ چەنــد ســاڵێکە بــاوکم تەندروســتی باشـــــنییە، بەڵام ئەوەی ڕوویـــــدا بەتەواوی تێکـــــی شــکاند و خســتییە ســەرجێگا. پزیشــك ئەڵــێ حــاڵی زۆر خـــــراپە، بەڕێـــــز " مکـــــارثی" تـــــاکە کەســـــە لەمێژەوە دەیناسێ لە ڤیکتۆریاوە ئاشنایەتی.
- ڤیکتۆریا؟! گرنگە.
- بەڵێ، کانەکان.
- بەدڵنیـــاییەوە کانەکـــانی ئـــاڵتون، ئەوشــوێنەی بەڕێــز " تێرنەر" سەروەتەکەی تێدا بنیادناوە.
- بەڵێ، وایە بەدڵنیاییەوە.
- ســــوپاس خــــاتوو " تێـــرنەر"، بەشـــێوەیەکی گەورە یارمەتیدەر بوویت.
- تکــایە ئەگەر ســبەی هەر شــتێکت زانــی پــێم بڵــێ. بێگومـــان بـــۆبینی " جەیمـــس " دەڕۆی بۆزینـــدان، ئەگەر واتکــرد تکــایە بەڕێــز " هــۆڵمز" پێــی بڵــێ کەوا دڵنیام لەبێتاوانی ئەو.
- واکەم خاتوو " تێرنەر".
- ئەبـــێ ئێســـتا بگەڕێـــمەوە مـــاڵەوە بـــاوکم زۆر نەخۆشـــە، کاتێـــك بەجێـــی دەهـــێڵم زۆر بیرمـــدەکا ماڵئاوا، خودا یارمەتیدەربێت لەکارەکەتدا.

چـــــۆن بەپەلە خـــــۆی کـــــرد بەژوورەکەدا هەرواش بەپەلە لەچاوتروکانێکــدا نەمــا، دواتــر گوێمــان لەتــایەی گالیســکەکە

بـــــــوو کەدوور دەکەوتەوە لەشـــــــەقامەکە. دوای چەنـــــــد خولەکێـــك" لیســــتراد" وتـــی: بەرامـــبەر ئەوڕەفتـــارانەی دەینـــوێنی هەســــت بەنائومێـــدی دەکەم بەڕێـــز " هـــۆڵمز"، بـــۆچی هیـــوایەکی پـــێ ئەبەخشـــی بەبـــێ هـــیچ؟ لەگەڵ ئەوەی کەســـێکی بەبەزەیـــی نـــیم بەڵام ئەمە کـــارێکی دڵڕەقـــانەیە لەتۆوە.

" هـۆڵمز" وتـی: ئەزانـم چـۆن بێتـاوانی " جەیمـس مکـارثی" بسەلمێنم. مۆڵەتی بینیت پێیە؟

- بەڵێ، بەڵام تەنها بۆئەم دووانەمان.
- چـــاو ئەخشــــێنمەوە بەبڕیـــاری چـــوونەدەرەوەکەم . هێشـــتا کاتمـــان مـــاوە بەشـــەمەندەفەر بـــڕۆین بـــۆ هیرفۆرد شایەر بۆلای " جەیمس" ؟
- سەربەزیادیشە.
- کەوایە بـــابڕۆین. زۆر بێزارئەبـــــی " واطســــۆن" دڵنیابە دووکاتژمێر زیاترم پێناچێت.

هەتـــا وێســـتگەکە هـــاوەڵیم کـــردن، دواتـــر بەشـــەقامەکانی شـــارە بچـــوکەکە پیاســـەم کـــرد، دواتـــر گەڕامەوە بۆهـــۆتێلەکە ڕاکشـــام لەســـــەر قەنەفەکە وهەوڵمـــدا خـــۆم بەخوێنـــدنەوەی چیـــرۆکە پۆلیســــــــییەکان ســــــــەرقاڵ بـــــــکەم، بەڵام لایەنە لاواز وتراژیـــدیاییەکەی چیـــرۆکەکە بەراووورد بکەیـــن بەو هەوڵ وکۆششـــەی لەپێنـــاو کـــردنەوەی قـــوفڵی چیـــرۆکەکە دەیـــدەین زۆر بـــێ کەڵـــکە، دەمبینـــی بەبەردەوامـــی بیرکـــردنەوەم قەتـــیس بـــــووە بەهـــــۆیەوە، وایلێکــــــردم لەژوورەکەدا چیــــــرۆکەکە فڕەبـــــدەم وبیرکــــــردنەوەم بــــدەم بەدەســــــت ڕووداواکـــــانی ئەمڕۆوە.

باوایدابنێین چیرۆکی گەنجە بێ بەخت وبێچارەکە بێ پێچوو پەنا ڕاستە کەوایە ئەوکارەساتە لەنێوان ئەوساتەی باوکی



پێشبینی نەکراوە چییە لەنێوان ئەوساتەی گەنجەکە باوکی بەجێهێشت وئەوساتەی کەگەڕایەوە بۆلای ئەبێ چیبێت؟ بەدڵنیاییەوە وێنەیەکی سامناك وڕووخێنەر بووە، ئەوە چییە؟ ناتوانم لەبرینی سەری کوژراوەکە شتێك وەچنگ بخەم؟

لەزەنگۆڵەکەم داو داوای ڕۆژنامەی ناوچەکەم کرد کە دەقی لێکۆڵینەوەیەکی لەخۆگرتووە، پزیشکی توێکاری ڕایگەیاندووە کەپشتی سەری لەلای چەپەوە لەگەڵ بەشێکی لای چەپی ملی توشی لێدانێکی بەهێز بەچەکێکی ناتیژ بووە.

پەڵەیەك کەوتە سەرم ڕوون بوو کەلێدانەکە لەپشتەوە بووە وڕووی لەبکوژەکە نەبووە، بۆیە ئەم خاڵە لەسوودی

تۆمەتبارە چونکە کۆتا جار ڕووبەڕووی باوکی بینراوە، بەڵام زۆر کاریگەریشی نابێت لەوەیە باوکەکە ڕووی وەرگێڕابێت وئەویش لەدواوە کارەکەی بەئەنجام گەیاندبێت. بەهەرحاڵ شایەنی ئەوەیە " هۆڵمز" سەرنجی بدات.

دواتر دەگەینە وشەی (( ڕات)) ئەو وشەیەی کوژراو پێش مردنی وتویەتی، ئەبێ مانای چیبێت؟ ناکرێت وڕێنە بوبێت، ئاسایی نییە مردوو پێش مردنی ودوای لێدانێکی وابەهێز وابڵێت. نا، بەڵکو هەوڵی دەدا هۆکاری مردنەکەی ئاشکرابکات. بەڵام ئاماژە بەچییەکات؟ ئەقڵم وەستاوە بۆڕوونکردنەوە، دواتر بیرم لەوقوماشە خۆڵەمێشییە دەکردەوە کە" مکارثی" گەنج بینیبوی، ئەگەر ڕاست بێت کەواتە بکوژەکە لەکاتی ڕاکرنیدا پارچەیەك قوماشی لێکەوتووە بەئەگەری زۆرەوە پاڵتۆکەیەتی، دیارە بوێرییەکی زۆری بووە کاتێك " مکارثی" گەنج تەنها دوانزە پێ لێی دووربووە گەڕاوەتەوە وبردویەتی. چ تۆڕێکی ئاڵۆزی پێشبینی نەکراوە! لەگەڵ ئەوەی سەرسامم بەڕایەکی " لیستراد" بەڵام بەئاستێك متمانەم بەدیدگای هاوڕێکەم هەیە ڕێگرییم لێدەکات ئومێد لەدەست بدەم ڕاستییە تازەکانیش جەخت لەبێتاوانی " مکارثی" دەکەنەوە.

*　　　*　　　*

" هـــــۆڵمز" هەتــــــاوەكو درەنگــــــانی شــــــەو نەگەڕایەوە، لەبەرئەوەی " لیســـــــــتراد" لەشـــــــارەكەدەژی بەتەنهـــــــا گەڕابــــویەوە. كاتێــــك دانیشـــت وتـــــی: هێشـــتا بــــارۆمەترەكە ئاماژە بەبەرزبوونەوەی پەستانی هەوادەكات.

دواتـــــر بەردەوام بــــوو وتــــی: هەتــــا زەویــــیەكە دەپشـــكنین زۆرباشـــەبێت بـــاران نەبارێــت، لەبـــارێكی دیكەشـــدا مـــرۆڤ ئەبـــێ لەوپەڕی چوســـت وچـــالاكی خرۆشــیدا بێــت تـــاوەكو كـارێكی وەهـا بـاش بكـات، نەمەویسـت دوای گەشـتێكی درێـژ ومانـــدوو دەســـت بەكـــاردكردن بـــكەم. چـــاوم بە" مكــــارثی" كەوت.

- چی پێ وت؟
- هیچ.
- هیچ شتێك؟
- هــیچ شــتێك. وابیـــرم دەكـــردەوە دەزانێــت بكـــوژەكە كێــیە ولێمـــان دەشـــارێتەوە، بەڵام وەكـــو هەركەســێكی دیـــــكە ئاگـــادار لەدۆســـێكە تـــامەزرۆی زانینێتـــــی. لەگەڵ ئەوەی ڕوانینێكـــــــــی شـــــــــەڕانی هەیە بەڵام كوڕێكی درۆزن وخراپەكار دیارنییە.
- نـــاتوانم بـــڕوا بەســـەلیقەی بــــكەم كاتێـــك ئەبیـــنم خانمێكی وەكو خاتوو " تێرنەر" ی ڕەتكردۆتەوە.
- اەە، چیرۆكێكــــی بەئـــــازار لەوبـــــارەیەوە هەیە؛ ئەم گەنــجە بەشــێوەیەكی شــێتانە ئاشــقیەتی، پــێش چەنــد ســــاڵێك كاتێـــك گەنـــج بــــووە وخــــاتوو " تێـــرنەر" بۆمــاوەی پێــنج ســاڵ لەقوتابخــانەی نــاوخۆیی بــووە و بەباشـــی نەیناســیوە بـــێ ئەقڵییەكـــی گەورەی كـــردووە كەوتــــۆتە خۆشەویســـتی گارســــۆنێك لەبریســــتۆڵ وهاوســـــــــــــەرگیری لەگەڵ كـــــــــــــردووە و

هاوسەرگیرییەکەشـــی لەنوســـینگە تۆمـــار کـــراوە.
کەس هیچـی نەزانیـوە دەربـارەی، بەڵام وێنـای بـکە چەنـد سـەخت بوبێـت بـۆی ناچاربێـت کارێـك نەکـات لەکاتێکـــدا ئامـــاددە بـــووە هەمـــوو شـــتێك بکـــاتە قوربـــانی لەپێناویـــدا، بـــێجگە لەوە حـــاڵی خـــۆی دەزانـــی، شـێت بـووە کاتێـك بـاوکی داوای لێکـردووە هاوســـەرگیری لەگەڵ خـــاتوو " تێـــرنەر" دابکـــات ودەســـــــــتی لەهەوادابەرزکـــــــــردۆتەوە، بەڕای هەمـــــــوانیش بـــــــاوکی پیـــــــاوێکی دڵـــــــڕەقە، ئەگەرڕاستیەکەی بزانیایە حاشای لێدەکرد.
ســـێ ڕۆژی کۆتـــایی لەبریســـتۆڵ بـــووە لەگەڵ هاوســـەرەکەی ؛ خێریشـــی تێـــدابووە کاتێـــك ژنەکەی هەواڵـــی لەسـێدارەدانی لەڕۆژنامەکـان بیسـتووە جێـی هێشـــتووە وئاگـــاداری کـــردۆتەوە هاوســـەرگیری لەگەڵ دەریاوانێـــك دەکـــات لەترســـانەی پەرمـــۆدا کارەکـــات، بەمشــێوەیە هــیچ پەیوەنــدییەکی یاســایی لەنێوانیانـــدا نامێنێـــت. ئەم هەواڵەش " مکـــارثی" گەنج دەگەڕێنێتەوە پایەی خۆی.
- ئەی ئەگەر ئەوبێتاوانە کێ کوشتویەتی؟
- بەڵـێ، کـێ؟ سـەرنجت بۆدووخـاڵ ڕادەکێشـم؛ یەکەم کـــوژراوەکە چـــاوپێکەوتنی لەگەڵ کەســـێك هەبـــووە لەلای دەریـــاچەکە، ئەوکەســـەش نابێـــت کـــوڕەکەی بێـــت هەروەك پێشـــتر پـــێم وتـــی کـــوڕەکە لەبریســـتۆڵ بووە وکاتی گەڕانەوەی کوڕەکەی نەزانیوە.
خـــاڵی دووەمـــیش دەنگـــی کـــوژراوەکە بەهـــاواری (( کـــوی)) بیســـتراوە پـــێش ئەوەی بزانێـــت کـــوڕەکەی

گەڕاوەتەوە، واتە پـــێش ئەوەی کـــوڕەکەی ببینێـــت هاوارەکەی کردووە.
دۆسـێکە پشـت بەم دووخـاڵە هەسـتیارە دەبەسـتێت.
باشــە، بــا تــا بەیــانی هەمــوو ووردەکــارییە بچوکەکــان وازلێببینین وکەمێك باسی شعر وئەدەب بکەین .

" لیســـتراد" وتـــی: ئەم بەیـــانیە هەواڵـــی مەترســـیدار هەن، ئەڵــێن بەڕێــز " تێــرنەر" خــاوەنی زەوییەکــان زۆر نەخۆشــە وهیوای چاکبوونەوەی نییە.

" هۆڵمز" پرسی: پیاوێکی پیرە؟

تەمەنـــی نـــزیکەی شەســـت ســـاڵە، بەهـــۆی ئەوەی لەدەرەوە ژیــاوە جەســتەی لاوازە، پــێش مــاوەیەك تەندروســتی خــراپ بـــوو، ئەم دۆســـێیەش کـــاریگەرییەکی خراپـــی لەســـەری بەجێهێشــت، هــاوڕێی کــۆنی " مکــارثی" بــوو، بەڵکــو ئەتــوانم بڵـێم زۆر باشـیش بـوو لەگەڵـی، زانـیم لەمـدوایەدا بەبـێ کـرێ کێڵگەی هاثرلی داوە بە " مکارثی".

" هۆڵمز": سەرنج ڕاکێشە.

- بەڵــێ، بەچەنــدین شــێوازی دیــکەش دەســتی یــارمەتی بــۆدرێژکردووە، هەمـــوو خەڵکـــی باســـی چـــاکەی ئەودەکەن.
- بەڕاســـت؟ ســـەیرناییبینیت ئەم " مکـــارثی" نـــاوە ئەونە لەهاوســـــەرگیری کـــــوڕەکەی وخـــــاتوو " تێــرنەر" ( وەریســـی موڵکەکــان) دڵنیــابووە وەکــو ئەوەی تەنهـــــا لەســـــەر داوای هاوســـــەرگیری وەســـتابێت، وەکـــو ئەوەشـــی هـــیچ کەســـێك ڕێگــر نەبێــت لەبەردەمـــی؟ لەچـــاو " تێـــرنەر" پارەشـــی کەمە! زۆر ســـەیتریش ئەبێـــت کاتێـــك ئەبینـــین

بەڕێــز" تێــرنەر" دژیەتـــی کــچەکەی پێیــوتین. هــیچ شتێك لەو خاڵانە وەچنگ ناخەی؟

" لیســتراد" چـاوی لەمـن داگـرت وتـی: هیچمـان لەسـەر نیـیە جـــگە لەدەرەنجـــام " هـــۆڵمز؟ تووشــــی بەربەســـت ئەبـــم لەڕێکخســــتنی بەڵگەکـــان، تـــۆش بەدوای وەهـــم ودیـــدگا کەوتویت.

" هــۆڵمز" بەڕێــزەوە وتـــی: تـــۆ ڕاســـتەکەیت، تۆڵەبنەڕەتـــدا بەئەستەم لەبەڵگەکان تێدەگەیت.

" لیســتراد" بەکەمێــك کـــاردانەوەوە وتـــی: بەهەرحـــاڵ بەیەك ڕاســتی گەشــتووم کەتــۆ ناتوانیــت درکــی پێبکەیــت؛ ئەویــش مردنــی " مکــارثی" بـاوکە بەدەسـتی کـوڕەکەی، هەمـوو دیـدگا وبیردۆز ومیردۆزەکانت هیچ نین جگە لەقسەی پڕو پوچ.

- باشــە، منــیش دڵنیــام ئەوکـێڵگەی هــاثرلییە لەدەســتی چەپ مانەوەیە.



- بەڵێ، ئەوەتا.

کـــــێڵگەکە لەســـــەر دوونهـــۆم بنیـــادنرابوو شـــێوەیەکی ئاســـــوودانەی هەبـــوو، دیـــواره خۆڵەمێشـــییەکانی پەڵەی گەورەی قەوزەی پێوەبـــــوو، ئەگەر لە پەردە داخـــــــراو وئـــاگردانە بـــێ دوکەڵەکـــان بـــڕوانین دەبینـــین هێشـــتا لەژێـــر کاریگەری کارەساتەکەیە.

لەبەردەم دەرگـــــا وەســـــتاین ولەســـــەر داوای " هـــــۆڵمز" خزمەتکـــارەکە جزمەکـــانی هێنـــا کەگەورەکەی لەکـــاتی مردنـــی لەپێـــی بـــوو، لەگەڵ قـــۆنەرەی کوڕەکەشـــی، هەمـــان پـــێڵاوی کـــاتی ڕووداوەکە نەبـــوون دوای ئەوەی " هـــۆڵمز" هەردوو جوتەکـــانی بەووردیـــیەوە پێـــوا حەوت هەشـــت خـــاڵی جیـــاوازی لـــێ بەدی کـــردو ویســـتی بـــڕوات بۆمەیـــدانی تـــاوانەکە، پـــێکەوە

هەموومـــــان بەپيـــــادە بەڕێگـــــادا ڕۆشـــــتين بۆدەريـــــاچەی بۆسكۆمپ.

كاتێـــك پەيوەنـــدی بەئاســـەوار وشـــوێنەوار دەبێـــت گۆڕانێـــك دەگۆڕێـــت هەركەس ئاشـــنای زانـــاو بيرمەنـــدەكەی بەيـــكەرە دەيـــان بەزێنێـــت لەناســـينەوەی! ڕووخســـاری لەشـــاراوەييدا دەگەشـــايەوە، چاوەكـــانی بچـــووك كـــردەوە وبرۆكـــانی گرژكـــرد وەكـــو هێڵێكـــی لەيەكـــدراوی لێهـــات، ڕووخســـاری بەرەو خـــوارەوە نوانـــدەوە وشـــانەكانی وەكـــو قەوســـێك وابـــوون، لێوەكـــانی لەيەك نـــابوو ئـــارەقی ملـــی وەكـــو پەتێكـــی درێـــژ وابـــوون! بەجۆرێـــك خـــۆی لەبيركـــدنەوەدا چڕكردبـــووە وە هـــيچ تێبينی وپرسيارێك سەرنجی ڕانەدەكێشا.

" هـــۆڵمز" بەبێـــدەنگی وئـــارامی بەڕێگـــادا دەڕۆشـــت، ،دواتـــر بەوڕێگـــايەی دەڕوانێـــتە ســـەر دەريـــاچەكە دارســـتانەكەی بـــڕی، لەناوەڕاســـتی ڕێگـــاكە ولەنـــاو گيـــا كـــورتەكەی ئەمـــلاو لای ڕێگـــای پيـــادەكە شـــوێن پێـــی زۆری لێبـــوو، جـــاری وابـــوو " هـــۆڵمز" بەخێرايـــی دەڕۆشـــت جـــاری واشـــبوو لەشـــوێنی نەدەبـــزوو، جـــارێكيش لايـــدايەوە بـــۆئەوەی لەلـــقە بچـــوكەكە ی ڕێگای چيمەنەكە بڕوانێت.

**مـن و" ليســتراد" يـش بەدوايـدا، بەبـێ ئەوەی گرنگـی بـدات چی ڕوودەدات ملی دەناو دەڕۆشت.**



**کاتێـك چــاودێری هــاوڕێکەمم دەکــرد دەمزانــی هەر هەنگاوێـك کەدەينێت ئامانجێکی دياريکراوی هەيە.**

**دەريـــاچەی بۆســـکۆمب ( لاپەڕەيەکـــی بچـــوکە لەوئـــاوەی قاميشـــی بەرزی پەنچـــا مەتـــری دەورەی داوە). بەئاســـتێکی جيـا دەکەوێـتە نێـوان کـێڵگەی هـاثرلی و بـاخچە تـايبەتەکەی بەڕێـــز " تێـــرنەر"، ئەمـــانتوانی لەدوورەوە بينـــا ســـوورە بەرچاوەکـــان کە نيشـــتەجێبوونی خـــاوەنە دەوڵەمەنـــدەکەی زەوەييەکـــــانی دەنوانــــــد لەســـــــەرەوەی دارســـــــتانەکە کەدەريـــاچەکەی بەدەورەوەيە لەشـــوێنێکی دوورتـــر ببينـــين، دارســـتانەکە لەلای هـــاثرلی يـــيەوە بەچـــڕی گەشـــەدەکات،**

پشـــتوێنێکی تەسـك لەگیـایی بەئـاوتەڕبووی لێـیە کەچەنـد دەیانێـك مەتـر بەرزە لەنێـوان دارەکـان وقامیشـەکان کەلەلوتکەی دەریاچەکەیە.

" لیسـتراد" بەووردی ڕێنـوێنی کـردین بـۆئەو شـوێنەی کەتەرمەکەیـان لـێ دۆزیبـووە وە، زەویـیەکە زۆر تەڕبـوو بەجۆرێـك تەڕبـوو دەمـانتوانی بەئاسـانی شـوێنی کەوتنـی کوژرووەکە دوای لێدانی ببینین.

بەلایەنـی "هـۆڵمز" یشـەوە لەچـاوە تێبڕیوەکـانییەوە کەڕووخسـاری داپۆشـیبوو دەمتـوانی بـزانم لەوگیـا شـکاوانە شـتی زۆری بۆدەرکەوتـووە، " هـۆڵمز" وەکـو سـەگێك بەدوای سـەرچاوەی بۆنـدا بگەڕێـت بەونـاوەدا دەسـوڕایەوە، لەپـڕ هـاوڕێکەم ئـاوڕی دایەوە وپرسـی: لەدەریـاچەکە بەدوای چیدا دەگەڕام؟

- بەدوای هەر چەکێـك یـان بەڵـگەیەك کەبتـوانی بیدۆزیتەوە، بۆخاتری خوا چۆن........؟
- نـا، نـا، کـاتی ڕوونکـردەنەوەم نیـیە.. شـوێن پێـی چەپـت بەشـێوەیەك شـوێنەکەی پڕکردۆتەوە،نەمـرێکیش دەتوانێـت وەدوی بکەوێـت، ئەوەتـا ئەوە شـوێن پـێ یەکە لەنێـو قامیشـەکان. اەە، چەنـد ئاسـان ئەبـوو پـێش هەمـووان بگەشـتمایەتە شـوێن ئەوپەڵەیە پـێش ئەوەی هەمـووان وەکـو نـاوچەیەکی گـامێش نشـینی لێـبکەن! ئەوەتـا ئەوە شـوێنەواری ئەو کـۆمەڵەیە کەهـاوەڵی پاسـەوانی هاوینەهەوارەکەیـان کـردووە، هەمـوو شـوێن پێیەکـان دوو بۆسـێ مەتـری نزیکـی جەسـتەکەیان داپۆشـیووە... بەڵام ئەوەسـێ شـوێن

پێـــی جیـــایە کەدەگەڕێـــتەوە بۆئەوشـــوێنەوارەی کەدەمەوێت.

دواتـــر زەڕەبیـــنەکەی دەرهێنـــاو چەمیـــیەوە بەرەو زەویـــیەکە دەســـتی کـــرد بەقســـەکردن لەگەڵ خۆیـــدا وتـــی: ئەوەتـــا ئەوەپێیەکـــانی " مکـــارثی" گەنـــجە، دووجـــار بەپیـــادە ڕۆشـــتووە وجـــارێکیش بەڕاکـــردن، ســـەڕەڕای ئەوەی نەعلەکـــان شـــوێنەوارێکی قوڵیـــان بەجێهێشـــتووە بەڵام قۆنەرەکـــان کەمتـــر دەرەکەون، ئەوەش پاڵپشـــتی چیـــرۆکەکەی دەکـــات، کاتێـــك بـــاوکی لەســـەر زەوی بینیـــوە ڕایکـــردووە، ئەوەش شوێنی پێی باوکیەتی کەبەڕێکی هاتووە وچووە.

کەواتە ئەمەچییـــیە؟ ئەوەش چـــاڵی تفەنـــگەکەیە کەگەنـــجەکە داینـــاوە وگـــوێی بۆبـــاوکی ڕاگرتـــووە. وەئەوە..؟ چیمـــان هەیە لێـــرە؟! شـــوێن پێـــی کەســـێکەبەنوکی پەنچەکـــانی و نـــوکە چوارگۆشـــەکانی پێڵاوەکـــانی هـــاتوچۆی کـــردووە! چ پێڵاوێکـــی نائاســـاییە! شـــوێنەوارەکان دێـــن ودەچـــن وجـــارێکی دیـــکە دەگەڕێـــنەوە، بێگومـــان گەڕاوەتەوە تـــاوەکو پـــاڵتۆکەی ببـــات. ئێستا باپڕوانین بزانین لەکوێوە هاتووە.

" هـــۆڵمز" بەڕێکـــی وجێگیـــریەوە هەنگـــاوی دەنـــا جـــاری وابـــوو شـــوێن پێیەکـــانی لـــێ ونـــدەبوو دووبـــارە دەگەڕایەوە تـــاوەکو شـــوێن پێیەکـــان بـــدۆزێتەوە، هەتـــاوەکو گەشـــتینە ســـنوری دارســـتانەکە، " هـــۆڵمز" هەتـــا نـــاوچەیەکی دوورتـــر

لەداری زان کەگەورەتـــــرین داری نـــــاوچەکەیە شـــــوێن شـــوێنەواەکە کەوتبـــوو، دواتـــر کەوتە ســـەردەم وهـــاوارێکی



پشوودانی کرد.

بۆمـــــاوەیەکی زۆر بەوشــــێوەیە مـــــایەوە وگەڵای دارەکــــانی هەڵـــــدایەوە. هەربەوەشـــــەوە نەوەســــتا بەزڕەبیـــــنەکەی زەویـــیەکەی دەپشـــکنی دەستیشـــی کـــرد بەپشـــکنینی هەمـــوو شـــتێك، تەنـــانەت تـــوێکڵی دارەکەش هەتـــا بەرزتـــرین ئاســـتی دارەکە کەدەیتـــوانی پێـــی بگـــات، لەنـــاو قەوزەکە بەردێکـــی دەرهێنـــاو ئەویشـــی پشـــکنی وهەڵـــی گـــرت، دواتـــر شـــوێن شـــوێنەوراەکان کەوت لەســـەر یەکێـــك لەڕێگاکـــانی دارســـتانەکە هەتا گەشتە سەر ڕێگای گشتی وشوێنەوارەکانی ونکرد.

لەکۆتاییـــدا گەڕایەوە سرووشـــتی خـــۆی و وتـــی: دۆســـێیەکی ســـەرنج ڕاکێشـــە، پـــێم وابێـــت ئەم مـــاڵە خۆڵەمێشـــییەی دەســـتە ڕاســـــت هـــــاوینە هەوارەکەیە. ئەڕۆم ولەگەڵ "مـــــۆران" قســـەدەکەم کاتێـــك تەواوەبـــم لەوەیە بتـــوانین نـــانی نیـــوەڕۆ بخـــۆین. ئێـــوە بـــڕۆن بۆگالیســـکەکان دوای چەنـــد ســـاتێکی کەم لەگەڵتانەبم.

ده خـــولەکی پێچـــوو تـــاوەکو گالیســـکەکان ئامـــادده بـــوو بگەڕێیـــنەوە ڕووس، " هـــۆڵمز" هێشـــتا بەردەکەی پێبـــوو، وتـــی: " لیســـتراد" ئەمەســـەرنجت ڕادەکێشـــێ، بەمەتـــاوانەکە کراوە.

- هیچ نیشانەیەك نابینم ئاماژەی پێبکات.
- هیچ نیشانەیەك نییە.
- ئەی چۆن زانیت
- گیـایەکەی ژێـری نیشـتبوو، چەنـد ڕۆژێـکە لەویـایە، هـــیچ ئاســـاوارێك لەشـــوێنی هەڵگـــرتنەکەی نیـــیە، هەروەهـــا لەگەڵ بـــرینەکەدا دەگـــونجێ وهـــیچ چەکێکی ترنییە.
- ئەی بکوژ؟
- پیـاوێکی بـاڵابەرزی شـەلی چەپـلەرە، پـێڵاوی ڕاوی سـۆڵ ئەسـتووری لەپێـیە وچـاکەتێکی خۆڵەمێشـی، بەفلـتەریش جـگەرەی پێچـراو دەکێشـێ، چەقـۆیەکی نـــا تیژیشـــی پێـــیە لەگیرفانیـــدا، لەگەڵ چەنـــدین نیشانەی دیکەش بەڵام ئەوەندەمان بەسە.

" لیســتراد" پێکەنــی وتــی: هێشــتا گومــانم هەیە، هەمــوو ئەم بۆچونـــانە باشـــن، بەڵام ئـــێمە لەگەڵ دەســـتەی ئینگلیزەکـــان مـــامەڵەدەکەین بـــێجگە لەبەڵگەیەکـــی یەکـــلاکەرەوە بەهیچـــی تر قایل نابن.

- ئەیبینـــین، تـــۆ بەڕێگـــای خـــۆت کـــاربکە منـــیش بەڕێگـــــای خـــــۆم. دوای نیـــــوەڕۆ ســـــەرقاڵەبم لەوەشـــــەئێوارە بەشـــــەمەندەفەر بگەڕێـــــمەوە بۆلەندەن.
- دۆسێکە بەناتەواوی بەجێ دەهێڵی؟

- نا، بەڵکو کۆتایی پێ ئەهێنم.
- ئەی چیبوو؟ نهێنیەکەی چییە؟
- چارەسەربوو.
- تاوانبارەکە کێیە ئیتر؟
- ئەوپیاوەیە کەبۆم وەسف کردی.
- بەڵام کێیە؟
- بەدڵنیاییەوە دۆزینەوەی ئەستەم نابێت، ناوچەکە دانیشتوانی زۆر نییە.

" لیستراد" شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: پیاوێکی کرداریم، ناتوانم هەموو شار بەدوای پیاوێکی شەلی چەپلەردا بگەڕێم، ئەبمە گاڵتەجاڕی سکۆتلەندیارد!

" هۆڵمز" بەئارامییەوە وتی: باشە، هەلم پێدایت، ئەوەماڵەکەتە. ماڵئاوا.

پێش ڕۆشتنم نامەیەکی کورتت بۆبەجێدەهێڵم.

" لیستراد" مان لەبەردەم ماڵەکەی بەجێهێشت وگەڕاینەوە بۆ هۆتێل نانی نیوەڕۆ لەسەر مێزەکە ئامادده بوو، " هۆڵمز" بێدەنگ ونقوم لەناو بیرکردنەوەدابوو ئازار لەسەر ڕووخساری بەدی دەکرا: " واطسۆن" لێرە بڕوانە، وەرە لەسەر ئەم کورسییە دانیشە باکەمێك بێزارت بکەم، نازانم چیبکەم ئامۆژگارییەکانت بەهەند وەرەگرم.

- بەهەموو بوونمەوە گوێم بۆڕاگرتویت.
- لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئەم دۆسییە دووخاڵی پەیوەست بە " مکارثی" سەرنجی هەردووکمانی ڕاکێشا، وەکو بەڵگەیەك لەبەرژەوەندی کوڕەکە بینیم بەڵام تۆ بەدژی. یەکەم خاڵ هاواری (( کوی)) بوو لەلایەن باوکەکە بۆکوڕەکەی،

دووەمیان وشەی (( ڕات)) بوو پێش مردنی، بێگومان دەزانی هەندێك وشەشی وتووە بەڵام کوڕەکەی لێی نەگەشتووە، گەڕانەکەمان ئەبێ لەم خاڵەوە دەست پێبکات، وایدادەنێین ئەوەی کوڕەکە وتی ڕاست بێت.

- ئەی هاواری (( کوی))؟
- هاوارەکە بۆکوڕەکەی نەبووە، وەکو ئەوەی بیزانیت وبیرت بێت کوڕەکە لەبریستۆڵ بووە، بیستنی هاوارەکە لەلایەن کوڕەکەی بەڕێکەوت بووە، هاوارەکە بۆڕاکێشانی سەرنجی کەسێك بووە، هەرچی بوبێت بکوژەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ " مکارثی" باوك هەبووە. هاواری ((کوی)) هاورێکی ئوستراڵیە ولەناو ئوستراڵییەکان بەکاردێت، گریمانێکی بەهێز هەیە ئەوکەسەی " مکارثی" باوك لەلای دەریاچەکە چاوەڕوانی بووە کەسێکە لەئوستراڵیا بووە.
- ئەی وشەی ((ڕات)) ؟

" شێرلۆك" کاغەزێکی پێچراوی دەرهێنا ولەسەر مێزەکەی دانا و وتی: ئەمە نەخشەی داگیرکەی ڤیکتۆریایە، دوێنێ بریسکەم بۆ بریستۆڵ نارد وداوام کرد.

دواتر دەستی لەسەر بەشێکی نەخشەکە دانا ووتی: چی ئەخوێنیتەوە؟

خوێندمەوە: ئارات.

دواتر دەستی بەرزکردەوە ووتی: ئێستا؟

- ئارات؟!

- بەتەواوی، ئەو وشەیە بوو کە پیاوەکە وتی، کورەکە تەنها بەشێکی بیست، هەوڵی دەدا ناوی بکوژەکە بڵێت و ناوی (( ئارات)).

لەخۆشیدا هەوارم کرد وتم: ناوازەیە!

- ڕوونە، ئێستا وەکوئەوەی دەیبینی، چاکەتە خۆڵمێشییەکەی بکوژەکە – ئەگەر وایدابنێین – چیرۆکی گەنجەکە ڕاستە سێیەم خاڵی دڵنیاکەرەوە شاراوەیی و نهێنی دەگۆڕی بۆ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بۆکەسێکی ئوسترالی لەئارت کە پاڵتۆیەکی خۆڵەمێشی لەبەربووە.
- بەدڵنیاییەوە.
- کەسێکە ماڵی لەناوچەکەیە، بێجگە لەڕێگای کێڵگەکە کەس ناتوانی بگاتە دەریاچەکە کەسانی بێگانەش ناتوانن بەئازادی تیایدا هاتووچۆ بکەن.
- بەتەواوی.
- ئێستا دەگەینە ئەوگەشتەی ئەمڕۆ کردمان، ولەبارەی پشکنینم بۆزەوییەکە هەندێك وردەکاری پڕو پووچم زانی کە " لیستراد" ی گەمژە بۆی زیاد کردبوو لەگەڵ وەسفی کەسایەتی تاوانبارەکە.
- بەڵام چۆن گەشتیت بەم شتانە؟
- تۆ بەرنامەی شیکردنەوەی من دەزانی چۆنە، ئەویش تێبینی خاڵە پڕوو پووچەکان دەکات.
- ئەزانم تۆ بەهۆی هەنگاوەکانی باڵایت دیاری کردووە، و پێڵاوەکانیشی بەهۆی شوێن پێیەکانی لەسەر زەوی.
- بەڵێ، پێڵاوێکی سەیر بوو.
- بەڵام چۆن زانیت شەلە؟

- شوێن پێی قاچی ڕاست کەمتر دەرکەوتبوو لەچاو قاچی چەپ لەبەرئەوەی قورسایی کەمتری لەسەر دادەنێت، ئەمەش بۆچی؟ چونکە شەلە.
- ئەی چۆن زانیت چەپلەرە؟
- سەرنج بۆبرینی کوژاوەکە ڕاکێشە- هەروەك توێکاری تۆماری کردبوو- دیدگای تۆ؛ لەگەڵ ئەوەی برینەکە ڕاستەوخۆ لەدواوە بووە لەهەمان کاتیشدو لەلای چەپدا بووە، ئەگەر چەپلەر نەبێت چییە؟ لەکاتی یەکتر بینینی باوك وکوڕەکە خۆی لەپشت دارەکان مڵاس دابوو، تەنانەت جگەرەشی کێشاوە لەوێدا، سوکتی کێشراوەکەییم دۆزییەوە لەوێ لەبەرئەوەشی خۆم دەکێشم توانیم جۆری سوکتەکە بزانم کە لەجۆری هندییە، سەیری دەووروبەرم کرد بنی جگەرەکەم دۆزییەوە کە فڕێدرابوو لەناوەڕاستی گیایەکان. جگەرەیەکی هندی بوو لەوجۆرە بوو کە لە ڕۆتردام دەیپێچنەوە.
- ئەی فلتەرەکە چی؟
- تێبینیم کرد جگەرەکە لەدەمیدا نەبووە، بەمشێوەیە فلتەری بەکارهێناوە، سەری جگەرەکەش بڕدرابوو نەك قەپی پێداکرابێت، بڕانەکەش یەکسان نەبوو، بەم شێوەیە بۆم دەرکەوت بەچەقۆیەکی ناتیژ بڕدرابوو.
- باشە، بەشێوەیەك ئەم پیاوەت تەوق داوە بواری ڕاکردنی نییە، بەشێوەیەکیش ئەو بێتاوانەت ڕزگارکرد وەکو ئەوەی پەتی سێدارە لەم ساتەدا

لەملیــدا بێــت. ئێســتا دەزانــم هەمــوو ئەم ئامــاژانە بەرەو کێ مل سەر دەکێشن، تاوانبارەکە..........

قســەکەم لەدەم دەرنەچــوو خزمەتکــاری هــۆتێلەکە ژووری دانیشــتنەکەی کــردەوە وڕێنــوێنی میــوانێکی بــۆ ژوورەوە کرد: بەڕێز " جۆن تێرنەر" بوو.

شــێوەی ئەو پیــاوەی خــۆی بەژوورەوە کــرد لەیەك کاتــدا ســەیر وتــۆقێنەر بــوو، پەککەوتــوی بەســەر هەنگــاوە خــاوخلیچکە شەلەکەیداوشــانە چەمیوەکانیــدا بەدەر



کەوتبــوو، ،لاکەتەکەی وڕووخســارە ڕەقەکەی وهــێڵە قووڵەکــانی ڕووخســاری وێــنەی هێزێکــی ناسروشــتییان

لەسەر جەستە وکەسایەتیدا دروستکردبوو. ڕەنگی زەردی مردوویی لەسەر ڕووخساری دەرکەوتبوو لێوەکان ولوتی ڕەنگی شینی کاڵیان لەخۆ گرتبوو، بەیەك چاولێکردن بەجوانی دیاربوو بۆم کەدیلی دەستی نەخۆشییەکەی کوشندەیە.

" هۆڵمز" بەڕێزەوە وتی: تکایە لەسەر قەنەفەکە دانیشە. نامەکەمت پێ گەشت؟

- بەڵێ، وتبووت بەهۆی ئەم ئاژاوەیەوە دەتەوێت بمبینی.
- بیرم کردەوە لەوەیە خەڵکی مقۆمقۆیەك بکەن ئەگەر سەردانی کۆشکەکەت بکەم.

پیاوەکە بەنیگایەکی بێچارە کەچاوە ماندووەکانی داپۆشیبوو لەهاوڕێکەمی ڕوانی وەکو ئەوەی وەڵامەکە بزانیت پێش بیستنی: بۆچی ویستت بمبینی؟

- ڕاستی، بەڵێ، ڕاستییە، هەموو شتێك دەربارەی ڕووداوەکەی " مکارثی" دەزانم .

پیاوە پیرەکە ڕووخساری لەنێو شانەکانی ناشت ووتی: کەواتە خودا یارمەتیم بدات! بەڵام ڕێگەم نەدەدا گەنجەکە ئازاری پێبگات؛ سوێندت بۆدەخۆم ئەگەر لەدانیشتنی دادگا حوکمیان بدایە دانم پێدا دەنا.

" هۆڵمز" بەجدییەوە وتی: خۆشحاڵم ئەوەت لێ دەبیستم.

- ئەگەر بەزەییم بەکچەکەمدا نەهاتبایە هەتا ئێستا دانم پێدا نابوو، دڵی دەشکێ، وێرانەبێت کاتێك ببیستێت باوکی دەستگیرکراوە.
- لەوەیە نەگاتە ئەوئاستە.

- چی؟
- مـن پۆلیسـی ڕەسـمی نـیم، کـچەکەت داوای هـاتنی منـی کردبـوو بـۆئێرە، لەبەرژەوەنـدی ئەو کـارەکەم، لەگەڵ ئەوەشـــد ئەبـــێ " مکـــارثی" گەنـــج ڕزگاربکرێت.

" تێـرنەر" ی پیـر وتـی: وائەمـرم، چەنـد سـاڵێکە تووشـی نەخۆشـی کـونیلەدار ( ئێسـقان) بـووم وپزیشـك پێـی وتـووم تامـانگێکی دیکـە نـاژیم، بێگومـان مـردن لەسـەر جـێگەکەم زۆر باشترە وەك لە لەزیندان.

" هـــۆڵمز" هەســـتا وبەرە مێـــزەکە ڕۆشـــت قەڵەمەکەی بەدەسـتییەوە گـرت وبەسـتەیەك کـاغەزی دانـا، وتـی: تەنهـا ڕاسـتییەکەمان پـێ بڵـێ، ڕاسـتییەکان دەنوسـم وتـۆش ئیمـزای بـکە " واطسـۆن" یـش گەواهیـدارە؛ تـابتوانم دانپێـدانانەکەت وەکـو کۆتـا پاراسـتنی " مکـارثی" بـخەمە ڕوو، بەڵێنـت پێدەدەم لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت بەکاری نەهێنم.

- ئەوە باشـە، لەوەیە تادانیشـتینی دادگـا نەژیـم، بـۆیە زەرەم پێناگـات، بەڵام بەزەیـیم بەکچەکەمـدا دێـتەوە. ئێسـتا بۆتـان ڕوونـدەکەمەوە، لەگەڵ ئەوەی لەمێـژە ڕوویداوە بەڵام لەگێڕانەوەی زۆرم پێناچێت.
ئێـوە " مکـارثی" ناناسـن، بەڵام دڵنیـات دەکەمەوە شـــەیتانێك بـــوو بۆخـــۆی! لەخـــودا ئەپـــاڕێمەوە نەکەونە ژێـــر دەســـتی پیـــاوێکی لەوشـــێوەیە.
بەدرێژایـی بیسـت سـاڵی ڕابـردوو بەتەواوی لەژێـر کۆنترۆڵی ئەودا بووم، ژیانی وێرانکردم.
یەکەم جـار پێتـان دەڵـێم چـۆن کەوتـمە چنگیـیەوە؛ سـەرەتاکانی شەسـتەکان بـوو لەکانەکـان، ئەوکـات

گەنجێکـــی خێـــرا کـــاردانەوەو مـــل هـــوڕ بـــووم ئامـــاددەبووم هەمـــوو شـــتێك بـــکەم، هـــاوڕێیەتی کەسـانی خـراپم کـردوو بـووم بە شـەراب خـۆر، کاتێـك نەمتـــوانی لەکانەکـــان ئـــاڵتون بـــدۆزمەوە ڕووم لەجەنگەڵەکـان کـرد. بەکـورتی بـووم بەڕێگـا بـڕوو چەتە وەکـو ئەوەی لێـرە دەیڵـێن. شـەش کەسـبووین بەشـێوەیەکی دڕنـدانە دەژیـاین تـاك وتەرا هەڵمـان دەکوتـــایە ســـەر بانکەکـــان وئەو گالیســـکانەی دەڕۆشـــتن بۆکـــانەکە، نـــاوی " جـــاکی ڕەش، لەئـــارات)) م لەخـــۆم نـــابوو هێشـــتا لەداگیـــرکەکە کۆمەڵەکەمـــان بەنـــاوی (( مافیاکـــانی ئـــارات)) ەوە نـاودەبەن. ڕۆژێـك قـافڵەیەك لەگالیسـکەکانی ئـاڵتون لەئـــاراتەوە بەرەو ملبـــۆرن دەڕۆشـــتن، هەڵمـــان کوتـــایە ســـەریان وهێرشـــمان بـــۆبردن، شـــەش پاســـەوان بەرامـــبەر شـــەش چەتە، بـــۆیە شـــەڕێکی گـــران بـــوو، چـــوار لەوانمـــان خســـتە خـــوارەوە وســـیانیان لـــێ کوشـــتین پـــێش ئەوەی کـــۆنترۆڵ بگـــرینە دەســـت. دەمـــانچەکەم خستەســـەر ســـەری یەکێـك لەشـۆفێرەکانی گالیسـکەکە " مکـارثی" بـوو، بریـا هەر ئەوکـات دەمکوشـت، بەڵام لێـی خۆشـبووم ســـەرەڕای ئەوەی چـــاوە بەخشـــندە بچوکەکـــانی لێمیان دەڕوانی.

بە ئاڵتونەکـــانەوە ڕامـــانکردوو دەوڵەمەنـــدبووین هـاتین بـۆئینگلتەرا بـێ ئەوەی کەس گومـان بکـات، بڕیـارم دا واز لەهاوڕێکـانم بێـنم و ژیـانێکی ئـارام وڕێـزدارانە بـژیم، هەنـدێك مـوڵکم کـڕی و بڕیـاری خێرکـــردنم دا لەپـــای چـــۆنیەتی بەدەســـت هێنـــانی،

هاوسەرگیریشـــــــم کـــــــــرد، لەگەڵ ئەوەی ژنەکەم بەگەنجـــــی مــــــرد بەڵام " ئالیســــــی" ئــــــازیزمی بۆبەجێهێشـــــتم. تەنـــــانەت کاتێـــــك ســـــاواش بــــوو دەســـــتەکانی دەتـــوت بۆڕێگـــایەکی ڕاســـت دەمـــبەن. بەکـــورتی لاپەڕەیەکـــی تـــازەم هەڵـــدایەوە و ویســـتم قەرەبـــووی ڕابـــردوو بـــکەمەوە، هەمـــوو شـــتێك بەباشـــی دەڕۆشـــت هەتـــاوەکو ئەوکـــاتەی " مکـــارثی" چنگی خۆی هاویشت.

ڕۆشـــتم بۆشـــار تـــاوەکو هەنـــدێك کـــار ڕاپەڕێـــنم لەوێ لەشـــــەقامی ڕیجێـــــت چـــــام پێـــــی کەوت، بـــــێجگە لەپـــــاڵتۆیەکی شـــــڕ وپێڵاوێـــــك هیچـــــی تـــــری لەبەر نەبـــوو. قـــۆڵی گـــرتم و وتـــی: ئەوە یەکمـــان بینـــی " جـــاك"، ئـــێمە ئەم دووانەمـــان دەبیـــنە خێزانـــی تـــۆ، دوانەمـــــان، مـــــن وکـــــوڕەکەم، ئەتـــــوانی خەرجیمـــــان بکێشـــــــــــی...... وانەکەی زەرەرکەی، ئینگلـــــــــــتەرا وڵاتێکـــــی پەیوەســـــت بەیاســـــایە ، پیـــــاوانی پـــــۆلیس لەهەموو شوێنێکن.

هـیچم لەدەسـت نەئەهـات، هـاتن بـۆئێرە ولەباشـترین کـــێڵگەم بەبـــێ کـــرێ نیشـــتەجێبوون، لەوکـــاتەوە هەســـــتم بەســـــەلامەتی نەکـــرد، بـــۆهەر کـــوێیەك دەڕۆشـــتم ڕووخســـارە ناشـــرینەکەیم لەبەردەم بـــوو. کاتێـك " ئـالیس" گەورەبـوو زیـاتر درێـژەی دەکێشـا، زانـــی کەترســـی ئاشـــکرابوونی ڕاســـتییەکان لەترســـی پـــۆلیس گەورەتـــرە، بەم شـــێوەیە هەمـــوو شـــتێکی لەپـــــارە ومۆڵـــــك وزەوی بەدەســـــت دەهێنـــــا، هەتـــــا لەکۆتایـــدا داوای شـــتێکی کـــرد کەنەمـــدەتوانی پـــێ بدەم...... داوای " ئالیسی" کرد!

کــوڕەکەی گەورە ببــوو، کــچەکەی منــیش. زانینـــی نەخۆشـــییەکەم و دەســـکەوتنی هەمـــوو موڵکەکـــان لەڕێــگەی کــوڕەکەیەوە لێــدانێکی نایــاب ئەبــوو بــۆی، بەڵام پێـــداگرییم لەســـەری کـــرد، ڕازی نەئەبـــووم خـــوێنە پیســـەکەی تێکەڵـــی خـــوێنم بێـــت، نەك



لەبەرئەوەی کێشـــەم لەگەڵ کـــوڕەکەی هەبێـــت بەڵکـــو لەبەرئەوەی خـــوێنی ئەوی هەڵگرتـــووە، ئەوەنـــدەش بەس بـــــوو، ســــــووربووم لەســــــەر ڕایەکەم. " مکــارثی" هەڕەشـــەی لێکـــردم و پـــێم وت هەرچیـــیەك لەدەســـتی دێـــت بابیکـــات، وادانرابـــوو لەنێـــوان مـــاڵەکەی مـــن وئەو یەکتـــری ببینـــین تـــا گفتوگـــۆبکەین. کاتێــك ڕۆشــتم بینــیم لەگەڵ کــوڕەکەی قســـەی دەکــرد، لەپشـــت دارەکە چـــاوەڕێم کـــردوو جگەرەیەکـــم کێشـــا

هەتــا تەنهــا بــویەوە، دواتــر گــوێم لە وشــە ڕەق وکیناوییەکـانی بـوو بەرامـبەرم کەلەمێـژ بـوو هەیبـوو ، بەبــێ گوێــدانە ڕای کــوڕەکەی ناچــاری دەکــرد تاهاوســەرگیری لەگەڵ کچەکەمـدا بکـات! کاتێـك بیـرم لەوەدەکــــردەوە بەنرختــــرین وئــــازیزترینی مــــن دەکەوێـتە ژێـر سـێبەری ئەو شـێت بـووم . نەئەکـرا گرێبەستەکە بشکێنم؟

پیــاوێکی بێچــارەم لەلێــواری مەرگــدا، چارەنوســی خـــۆمم دەزانـــی، بەڵام ئـــاخۆ نـــاتوانم کـــچەکەم ویادگارییەکــانم رزگــاربکەم؟ بەڵکــو بەداخســتنی دەمـــی ئەوچەپەڵە پیســـە دەتـــوانم بۆهەمیشـــە هەردووکیـان ڕزگـاربکەم. بەڕێـز "هـۆڵمز" تـاوانێکم کــردووە ولێــی پەشــیمان نـیم، لەگەڵ ئەوەی تــاوانی زۆرم کـــردووە بەڵام هەمـــوو تەمەنـــم لە ئـــازاری بیرکــردنەوەی تاوانەکـانم ژیـاوم، بیرکــردنەوە لەوەی کچەکەشـم هەمـان چارەنووسـی هەبێـت گەورەتربـوو لەوەی بەرەی بگـــرم. هەروەك چـــۆن لەئاژەڵێـــك دەدەی وا لێمــدا بەبـــێ ئەوەی پەشــیمان بــم، هــاوارەکەی وایکــرد کــوڕەکەی بگەڕێــتەوە ومنــیش لەنــاو دارەکــان خــۆم حەشــاربدەم، بەڵام ئەوبــوایە بگەڕامــایەتەوە تــاوەکو پــاڵتۆکەم بێــنم کەلەکــاتی ڕاکردنمدا لێم کەوتبوو. ئەمە ڕاستییەکەیەتی.

کاتێـك پیرەپیـاوەکە ئیمـزای دەکـرد " هـۆڵمز" وتـی: بـۆم نیـیە حوکمت لەسەر بدەم، هیوادارم ناچاریش نەبم وابکەم.

- تکایە گەورەم. دەتەوێت چیبکەیت؟
- بەهـۆی تەندوسـتیتەوە هـیچ، بەڵام ئەبـێ خـۆت درك بەوەبـــکەی بەم زووانە لەبەردەم دادگـــای بـــاڵا

دەوەســـــتی بۆلێپرســـــینەوە [ مەبەســـــتی خـــــودایە] لەکارەکانـــــت. دانپێـــــداناناکەت ئەپـــــارێزم، ئەگەر " مکـــارثی" تاوانبـــارکرا حوکمـــدرا ناچـــارم بەکـــاری بهێـــــنم، ئەگەر بەبێتـــــاوانیش دەرچـــــوو یەك بـــونەوەریش نایبێنێـــت، چ زینـــدووبیت یـــان نە نهێنیەکەت پارێزراو ئەبێ لامان.

- کەواتە ماڵئـــاوا. لەکۆتـــا ســـاتاکانی تەمەنتـــان کاتێـــك مەرگ بەرۆکتـــان دەگرێـــت ئاســـوودەیی بـــاڵ دەکێشـــێ بەســـــەرتاندا لەبەرامـــبەر ئەوچـــاکە گەورەی لەگەڵ مندا کردتان.



دواتـر بەسـەختی هەنگـاوی دەنـا وهەیـکەلە زلەکەی بەڕاسـت وچەپدا دەلەرییەوە.

*         *         *

لەســـەر چەنـــد ڕاســـپاردەیەکی " هــۆڵمز" کەبــۆ پـــارێزەری بەرگریکـــاری نـــاردبوو حــوکمی بێتـــاوانی بەســـەر " مکـــارثی" یـــدا درا، " تێـــرنەر" ی پیـــر دوای یەکتـــر بینینمـــان حەوت مانـــگ ژیـــا، ئێســـتا مـــردووە، بەئەگەرێکـــی زۆرەوە هەردوو گەنـــجەکە هاوســـەرگیرییان کـــردووە وژیـــانێکی خـــۆش ئەژیـــن بەبێ ئەوەی بەوپەڵە ڕەشە بزانن لەڕابردوویاندا هەبووە.

*         *         *

ــ تەواو ــ

کۆتایـــــــی وەرزی یەکـــەم